1

# ڕووداوێکی دڵتەزێن

**نووسینی : حەسەن پێنجوێنی**

ئەحمەدو جەمال هەندێ میوەیان لەگەڵ خۆیان برد و پێکەوە ڕۆیشتن بۆ بەندیخانەی (ئیصلاح), تا سەرێك لە ئازادی هاوەڵیان بدەن کە تەمەنی لە هەژدە ساڵ کەمتر بوو، پاش ئەم لاولا ماچ کردن پێکەوە دانیشتن‌و هەندێك دڵخۆشییان دایەوە.

ئەحمەد گوتی: بە ڕاستی کاك ئازاد! زۆرم پێ ناخۆش بوو کە گوتیان: گیراویت, هەرچەندە ئێمە نازانین مەهاکی ڕووداوەکە چییە, بەڵام هەرگیز بە خەیاڵمدا نەدەهات لاوێکی وەك تۆ هۆشیار بۆ لەناوبردنی گیروگرفتێك چارەسەرێ نەدۆزێتەوە جگە لە پەنا بردنە بەر شەڕو تێك هەڵچوون..

ئازاد سەری دانەواندبوو, چاوی بڕیبووە زەوییەکەو بە دەنکە شقارتەیەك زەوییەکەی هەڵدەکۆڵی, وەك ئەوە قینو داخی دڵی خۆی بەو کارە پیشان بدات، یان وەك ئەوە بە شوێن چارەسەرێکی نەزانراودا بگەڕێت!!

جەمال گوتی: برای خۆما بیرمان نەدەکردەوە شتی وا لەتۆوە ڕوو بدات! بەهەرحاڵ لەسەرچووە نەچین, ئێمە دەبێت هەوڵبدەین

چارەسەرێك بۆ ئەم دەردە بدۆزینەوە، بەڕاستی كاك ئازاد هۆی چی بوو؟

ئازاد: برایان! چیتان بۆ بگێڕمەوە، ئێوە لە حاڵی ماڵی ئێمە بێ ئاگان و نازانن چۆن لێمان قەوماوە!! ئەوە ماوەیەكی زۆرە ئێمە دایكمان نییە, پێرار باوكم دێوە زمەیەكی گواستەوە، ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەو بێ بەزەییە ڕوویەكی خۆشی نەبووە لەگەڵمان, چاوی كوێر دەبوو ئەگەر تەماشای ئەو مندااڵنەی بكردایە، بە تایبەت ئەو بەستەزمانەی خوشكم گیرۆدەبوو، ئەوا بۆ دوو ساڵی ڕەبەق دەچێت نانێكی ئیسراحەتی نەخواردووە!! منداڵ پاك كردنەوەو بەخێوكردنی, گسك دانو قاپو قاچاخ شۆردنو جل شۆردنی ئەو خێزانە هەمووی لە ئەستۆی ئەو بەستەزمانەدا بوو!! سەرباری ئەم هەموو ماندوبوونە ئەوەی لەقسەی ناشیرینو سووكو تانەو توانج بوایە بەو خوشكە هەژارەمی دەگوت، لە هەمووی ناخۆشتر نەیدەهێشت تێر سكی خۆی نان بخوات, ئەگەر – لەسەر ئەو هەموو ماندوبوونەوە – كەمێ نانی بخواردایە, پەسا, پەسا دیگوت: سەیركە, سەیركە دەڵێی مانگایە!! ئینجا هەناسەیەكی هەڵكێشا – بۆ كرووزی لێ دەهات – و گوتی: خۆ ئەگەر منیش جارجار بم گوتایە: باجی! خوا هەڵناگرێت بۆ وا لەو داماوە دەكەیت, خۆ لە خوێنا نەت گرتووە؟!! دەیكردە هەراوبەزمو ژەنگو زار و لە ئەنجامدا باوكیشم لەمن تووڕە دەبوو!! زوڵمو زۆری ئەو زڕدایكە بێ ویژدانەم لە سنور تێپەڕیبوو بۆیە ئەو بەستەزمانەی خوشكیشم لەخۆ سوتاندن بەوالوە چارەیەكی تری نەدۆزییەوە!!

جەمال: بۆیە خۆی سووتاندووە!!

ئازاد هەناسەیەكی ساردی هەڵكێشا كە پڕبوو لە ئێشو ئازارو گوتی: بەڵێ خۆی سووتاند، ئەی من لەبەرچی تێروپڕ ئەو ستەمكارەم كوشتو هەتا هێزم تیابوو كوتام؟!

ئەحمەد: كەوابوو هەراكە بەم جۆرە پەیدا بووە!!

ئازاد: بەڵێ كاك ئەحمەد، ئینجا ئەویش ڕۆیشتو شكاتی كردو منیان گرت، ئیتر نازانم چییان بەسەر هاتووە؟؟

ئەحمەد: زڕدایكت هیچ شوێنێكی شكا؟

ئازاد: یەك دوو ددانی كەوتە دەمیەوە و قۆڵێكی شكا، بەاڵم ئەو هەرچی بەسەر بێت جار بە جەهەننەم، تەنیا خەمی صەبریمە, صەبری خوشكم.

جەمال گوتی: کە من ڕۆیشتمەوە دڵسۆزی خوشکم دەنێرم سەری لێ بداتو هەواڵێکیشی بزانیت, خەمی ئەوەت نەبێ ئینشائەڵڵا بەم زوانە دێتە دەرەوە لەخەستەخانەو چاك دەبێتەوە.

ئەحمەد: برام, ئێمە پێمان خۆش نەبوو بەم جۆرە چارەسەری مەسەلەکە بکرێت, هەرچەندە ئەم کارەی تۆ چارەسەر نییەو مەسەلەکەی ئاڵۆزتر کردەوە, بەڵام خۆشمان بێ یاناخۆش, بمانەوێو نەمانەوێ شتەکە ڕوویداوە, ئەوەی ئەرکی سەرشانی ئێمە بێ ئەوەیە: منو کاك جەمال باوکمان تێبگەیەنینو بیان نێرین بۆ لای باوکتو زڕدایکتو ئامۆژگارییان بکەنو پێکتان بێننەوە باجیشت واز بێنێ لەهەقی خۆی، ئیتر ئێمە دەڕۆین هیوادارین زوو ڕزگارت بێت.

ئەحمەدو جەمال ئازادیان بەجێ هێشتو خوا حافیزییان لێ کرد، مەسەلەکەیان بۆ باوکیان گێڕایەوە، بۆ سبەینێ جەمال دڵسۆزی خوشکی نارد بۆ خەستەخانە, تا هەواڵێکی صەبری بزانێت، دڵسۆز ڕۆشنبیرو تێگەیشتوو بوو، لەبارەی ئاینەکەیەوە شارەزابوو, چونکە کتێبی زۆری خوێندبووەوە، زۆر دڵخۆشی صەبری دایەوەو بەسەرهاتی زۆری بۆ گێڕایەوە, لەبارەی صەبرو خۆ ڕاگرتنەوە قسەی زۆری بۆ کرد، کەزانی حاڵی باشە هەندێ ووردە گلەیی لێ کردو گوتی: خوشکی خۆما, چۆن دەستت تێچوو خۆت بسووتێنی؟ ئاخر نازانی خوا هەڕەشەیەکی گەورە دەکات لەوانەی خۆیان دەکوژنو دەیانخاتە ئاگری دۆزەخەوە؟

صەبری هەناسەیەکی هەڵکێشاو بە پچڕ پچڕ گوتی: دڵسۆز گیان! نازانی ئەو باوەژنەم چ تاڵاوێکی کردووە بە گەروومدا؟!

دڵسۆز گوتی: ئەزانم خوشکی خۆما, ئازاری زۆرت چێشتووەو بەخەیاڵی خۆت وات داناوە ڕزگار دەبێت, بەڵام خوانەخواستە ئەگەر بمردیتایە لەناو ئازاری هەمیشەییدا دەبوویت، وە ئەوەش بزانە تۆ بەم کارەت تۆڵەت نەسەندۆتەوە, بەڵکو خۆت بەرەو ئازارێکی نەبڕاوە بردووەو ئەوەی تۆی نەوێت بەم کارەی تۆ شادو دڵخۆش بووە.. هەرگیز مرۆڤی خاوەن بڕواو هۆشیارو تێگەیشتوو کاری وا ناکاتو بەلایەوە پەسەند نییە، صەبری گوتی: خوشکی خۆما لەوکاتەدا دنیام لەبەرچاو تاریك بوو هەستو هۆشم نەما, پاش ئەوە پەشیمان بوومەوەو بەدڵ داوای لێخۆشبوونم لەخوا کردو هیوادارم لێم خۆش ببێت.

دڵسۆز هەندێ دوعای خێری بۆکردو گوتی: لەمەولا ئێمەش ئامۆژگاری‌و سەرزەنشتی باجیت دەکەین‌و هیوام وایە ڕەق‌و کینەو ناخۆشی لەناوتاندا نەمێنی، ئینجا خواحافیزی لێ کردو هاتە دەرەوە، صەبریش دە ڕۆژ لە خەستەخانە مایەوە, پاشان بەجێی هێشت‌و هاتەوە بۆ ماڵ، چونکە شوێنی زۆری نەسووتابوو, و جێگەی کاریگەریشی نەگرتبوو, خێرا کوژاندبوویانەوە.

ئازاد چەند حەفتەیەك لە بەندیخانەی (ئیصلاح) مایەوە، لە هەفتەی چوارەمدا, لە هۆڵی تەنیشت بەڕێوەبەری بەندیخانەکەدا کۆڕێك گیرا، کۆڕەکە پێك هاتبوو لە دکتۆری دەروونی‌و زانایەکی کۆمەڵناسی‌و ئەفسەرێکی ناو بەندیخانەکە، دەیان ویست لەبارەی تاوانی ئەو کوڕە گەنجەوە بکۆڵنەوەو هەموو گۆشەیەکی ژیانی بپشکنن تا مەهاکی تاوانەکەیان بۆ ڕوون بێتەوە, بەو هیوایەی چارەسەرێکی بۆ بدۆزنەوە، ناردیان بە شوێن ئازاداو هێنایان فەرموویان لێ کردو ئەویش دانیشت، بەم جۆرە دەستیان کردە پرسیار لێی:

زانای دەروون ناس بە ڕوویەکی خۆشەوە گوتی: کاك ئازاد پۆلی چەندی؟

ئازاد بە گرژییەکەوە گوتی: پۆلی بەدبەختیما!

زانای کۆمەڵناس بە دەروونێکی فراوانەوە گوتی: کوڕی خۆما وەنەبێ تەنیا تۆ لێت قەومابێت، چەندەها کەس وونووچی داوەو هەڵەی کردووە، جا لەبەر ئەوە خۆت دڵگران مەکە، هیوام وایە تۆی تازە پێگەیشتوو وەڵامان بدەیتەوە، تا ئێمەش بتوانین یارمەتیت بدەین‌و مژدەی داهاتوویەکی ڕووناکت بدەینێ.

ئازاد گوتی: من داهاتووی ڕووناکم ببێت؟ هەرگیز, هەرگیز باوەڕناکەم, داهاتووی من لە داهاتووی باوکم چاترو باشتر بێت!!

کۆمەڵناس: بۆ چ؟ باوکت چی بەسەر هاتووە؟

ئازاد: باوکم چارە ڕەش‌و بەدبەخت بوو!!

کۆمەڵناس چۆن؟

ئازاد:من لەو کاتەوە ئاوزامەو هۆشم کردۆتەوە دایکی خۆمام نەدیوە.

دەروون ناس قسەکەی پێ بڕی‌و گوتی: دایکت مردووە؟

ئازاد: نەخێر, دایکم نەمردووە منیش ئەم پرسیارەم لە باوکم کردووە.

دەروون ناس: ئەی باوکت وەڵامی چی بوو؟ ئازاد باوکم لە وەڵامدا گوتی: نازانم کوڕم چ وەڵامێکتان بدەمەوە؟! منو خوشکەکەمو برا بچووکەکەم زۆرمان لێ کرد, تابۆی گێڕاینەوەو گوتی: کوڕم ناچارتان کردم بەڵام دڵتان ناشکێنمو بە تەواوی بۆتان دەگێڕمەوە تا ئێوەش بزانن چی ڕوویداوە!!

باوکم گوتی: ڕۆڵەکانم هەروەك دەزانن من مووچە خۆرێکی شارەوانیمو معاشێکی مام ناوەندیم هەیە، لەگەڵ دایکتانا گوزەرانمان خۆش بوو، تازە گوێزابوومانەوە گەڕەکەکەی ئەولا, بەرو دراوسێکانمان دایکتانیان هەڵنابوو تا ببێتە مووچەخۆر لە دایرەیەکدا، ئێوارەیەکیان لەدایەرە هاتمەوە, دایکتان وەك عادەتی خۆی هات بەرەوپیریم بە ڕووی خۆشو قسەی خۆشو ماندوویەتی نەهێشتم، لەناو گفتو گۆکەماندا دایکتان گوتی: پیاوەکە باجی نەسرینو باجی حەلاوی دراوسێمان هاتبوون بۆلام, لەناو قسەکاندا نەسرین گوتی: (( جەمیلەخان کاتی خۆی تا چەندت خوێند؟ ))

گوتم: سێی ناوەندیم تەواوکردو وازم هێنا، گوتی: (ئەیڕۆ! - ماڵی بەسەر سنگی خۆیدا : ئەی بۆچی نەبوویتە فەرمانبەر لە دایرەیەکدا؟ وەڵڵا دەبوا خۆت دامەزراندایە، مانگی کۆڵێ معاشت وەردەگرت!! ئەوەتە (سەلاجە)و (تەباخی غاز)و (تەلەفزیون) تان نییە, ئەو کاتە زۆر بە ئاسانی هەموویانت دەکڕیو دەبوویتە یارمەتی دەری مێردەکەیشت، ئەوە نەبێ کە لەسەر کورسیەکی نەرمو نۆڵ دادەنیشتی چیت دەکرد؟ خۆ کۆڵێشت نەدەکێشا؟! باوکم هەناسەیەکی هەڵکێشاو گوتی: بە دایکتانم گوت: چۆن وەڵامت دانەوە؟ دایکیشتان گوتی: پێم گوتن: ئێستا ئێمە نۆماڵێن, پیاوەکەمان خۆش بێت, ئەم ساڵ نا ساڵێکی تر, هەموو ئەو شتانە دەکڕین پەلەمان چییە؟ ئێمە نەشمان ویستووە خۆمان بخەینە ژێرباری گرانی قەرزەوە، بۆ دامەزراندن (تعیین)ی خۆیشم پێم گوتن: سەر بەستی لە هەموو شتێك خۆشەویسترە, ئینجا وەنەبێ هەموو دایەرەیەك ئافرەت بەتەنیا کاربکات, بەشی زۆری دایەرەکان تێکەڵن، لە تێکەڵیشدا ئافرەت سەربەست نابێت لە هەڵسو کەوتیا, و ئەمەش ناخۆشە، پیاوەکە! هەر وەخت بووم بم خۆن! گازەرەیان لێ کێشامو گوتیان: (عەیب نییە ئافرەتێکی وەك تۆ ڕۆشنبیر لەسەدەی بیستەمدا بژیو قسەی وابکات؟! تۆ مێردت هەیەو دەتوانی بۆ گوزەرانێکی خۆشتر لە هەموو باوو نەریتێکی کۆنو پەرتووکاوی کۆمەڵایەتی وازبێنی!!

ئینجا باوكم گوتی: منیش به دایكتانم گوت: ژنەكە, وابزانم كەڵكەڵەی فەرمانبەری‌و مووچەخۆری داویە لەسەرت؟ بەلاَم گیانەكەم, ئەوە بزانە ئێمە بەم جۆرە بژین خۆشترەو هەردوو لامان زیاتر ئیسراحەت دەكەین، ئێستا دوو منداڵمان هەیە – ئەو كاتە تەنیا تۆو صەبری لە دایك بووبوون – منداڵەكانمان وەك هەتیویان لێ دێت، لە سۆزو لەلەی تۆ بێ بەش دەبن, خۆ ئەگەر بیان خەینە دایانگا ((حچانه )) ئەوا مووچەكەی تۆ تەنیا بەشی ئەوان دەكات، خۆ نەنكیشیان تاقەتی منداڵ بەخێوكردنی نییە، ئازاد هەناسەیەكی هەڵكێشاو بێدەنگ بوو, وەك ئەوە بیەوێ پشوویەك بدات.

دەروون ناس: ئێ, كاك ئازاد دایكت هەڵوێستی چی بووبوو؟

ئازاد: باوكم گوتی: منیش زۆر هەوڵم دا لەگەڵی‌و بۆم ڕوون كردەوە ئەم كارە ئەنجامی باش نابێت، و هەردوولامان ئیسراحەتمان لێ هەڵدەگیرێ، و منداڵەكانمان بێ ناز دەبن، و لە بیاتی قازانج زیان دەكەین, بێ سوود بوو.. بە گوێی نەكردم‌و لە كەری شەیتان دانەبەزی، منیش بە ناچاری بڕیارم دا، بەڵێ دایكتان بووە مووچەخۆر هەندێ شتی ناوماڵمان كڕی، لەو ماوەدا نەوزادی براشتان لە دایك بوو، و پێی نایە جیهانەوە، تا دوو ساڵ بەم جۆرە ژیانمان بەسەر برد.. پاش ئەوە ئاڵ‌و گۆڕێك لە دایەرەكاندا ڕوویدا, دایكت‌و مووچە خۆرێكی پیاو لە ژوورێكدا كاریان دەكرد، ئالەم كاتەدا كە ئازاد قسەكانی دەگێڕایەوە ڕەنگی گۆڕاو لێوی خۆی دەگەزی‌و دەلەرزی لەداخ‌و خەفەتا.

بۆیە دەروون ناس‌و كۆمەڵناسەكە پێیان گوت: وادیارە پاشماوەی بەسەرهاتەكە ئازارت دەدات، ناردیان شەربەتێكیان بۆ هێنا, ئینجا هاتەوە سەرخۆ، گوتیان: نامانەوێ لەوەزیاتر ماندوت بكەین, داوا لە باوكت دەكەین پاشماوەی بەسەرهاتەكەمان بۆ بگێڕێتەوە.

# بۆ سبەینێ

بۆ سبەینێ کۆڕگیرا و باوکی ئازاد بانگکرابوو، و لە کۆڕەکەدا دانیشتبوو..

دەروون ناس گوتی: باوکی ئازاد, دەمانەوێت پاشماوەی بەسەرهاتەکەمان بۆ بگێڕیتەوە, چونکە ئازاد تا ئەو کاتەی لەگەڵ فەرمانبەرەکە دوو بەدوو لە ژووریێکدابوون, بۆی باس کردووین، باوکی ئازاد مژێکی گەورەی لە جگەرەکەی دا و دووکەڵ لە دەم و لوتیەوە هاتەدەرو گوتی: بەڕێزان! نازانم چۆنتان بۆ بگێڕمەوە؟ ئەم ڕووداوە ئەوەندە دڵتەزێنە باسکردنەکەیشی جەرگم توێ دەکاتەوە!! هەرچۆن بوو زۆری لەخۆی کرد و گوتی: بەڕێزان! ڕۆژ بەڕۆژ خێزانم مۆن و ناوچاو تاڵ دەبوو!! کە دەهاتەوە بۆ ماڵ، وایدەزانی لە دۆزەخدایە, هەرچەندە هەوڵم دەدا دڵخۆشی بکەم و سەرنجی بەرەو خۆما ڕابکێشم بێ سوود بوو، من دەمگوت: سییر ئەو دەیگوت:پیاز، تمەزم پەیوەندی ئەوین لە نێوانیاندا پتەوو بەهێز بووبوو!! من بەم کەین و بەینەم نەزانیبوو، ڕۆژێکیان لەدایەرە هاتمەوە شەکەت و ماندوو, بە تەمای ئەوەم لە ماڵەوە پشوویەك بدەم، بەلاّم هاتمەوە سەر هەواری خاڵی!! ماڵ چۆڵ و هۆڵ بوو, ماوەیەك چاوەڕوانیم کرد, نیوسەعات, نەخێر, بوو بە سەعاتێك, جەمیلە نەدەنگی بوو نەڕەنگ، بەو شەکەتی و برسیەتییە, ڕۆیشتم بۆ ماڵ خەسووم, تابزانم هۆی چییە وادیار نەبوون، بەڵێ, لە وەلاّمدا خەسووم گوتی: نەهاتۆتەوە، بەلاّم پێمی گوت: ئیجازەم وەرگرتووە بۆ ماوەی سێ ڕۆژ, لەگەڵ هاوەڵەکانما بە ئیشی دایەرە دەچم بۆ بەغدا!! هەناسەیەکی پڕ لە ئێش و ئازاری هەڵکێشا! ئینجا قومێکی لە جگەرەکەی دا و گوتی: بۆ سبەینێ ڕۆیشتم بۆ دایەرەکەیان و پرسیم: ئایا بە ئیش و کاری دایەرە ڕۆیشتوون؟

یەکێك لە مووچەخۆرەکان گوتی: بۆچی هەواڵی دەپرسیت؟ گوتم: دراوسێمانە و دایکی ڕووی لێ ناوم تا هەواڵی بۆ بپرسما! ئینجا یەك بۆ یەکتریان دەڕوانی و بزەیان دەهات، و لە ژێر لچەدە چەند قسەیەکیان کرد، گوتم: با منیش بزانم.

گوتیان: بابە, ماوەیەكی زۆرە گیرۆدەی ئەوین بووەو لەگەڵ ( .. ) دا حەز لەیەك دەكەن!! ئیش‌و كاری دایەرەی چی؟

یەكێكیان گوتی: ئەوا من ئیش‌و كاری ئەوانیش دەكەم لەگەڵ ئەركی خۆمدا, تا ئەوان دێنەوە, بەلای ناخێریان!! باوەڕتان هەبێ, لەو كاتەدا پێم خۆش بوو بمردمایەو ئەو هەواڵەم بەرگوێ نەكەوتبایە.. بەڵام گیان لە جێگایەكی سەختایەو دەرناچێ, بە هەناسە ساردی گەڕامەوە بۆ ماڵ . بەڵام چۆن گەڕانەوەیەك ؟! ئۆقرەم لێ بڕابوو دەتگوت بەسەر ژیڵەمۆدا دەڕۆم !! سەرتان نەیەشێنم, لە سەفەرەكەی گەڕایەوە, بەڵام نەهاتەوە ماڵ خۆمان, ڕۆیشتەوە ماڵ دایكی, منیش ڕۆیشتم لێی بپرسم: بۆ چ ئەم سەفەرەی كردووەو من‌و منداڵەكانی جێ هێشتووە؟ گازەرەی لێ كێشام هەر وەختبوو بم خوات!!

زۆر بێ شەرمانە گوتی: چونكە نامەوێ تۆ ببینما!

منیش هەتا توانیم كوتام‌و لێم دا, بەناچاری پەلی منداڵەكانم گرت‌و هێنامنەوە, دایكم بەوپەڕی دڵسۆزییەوە بەخێوی كردن, دەتوانم بڵێم بێ دایكی پیا دیاری نەدان.

زانای كۆمەڵناس: باوكی ئازاد تەڵاقت دا؟

باوكی ئازاد: بێگومان, ئافرەتی وا شیاوی ئەوە نییە لەگەڵیا بژیم, تەڵاقم داو بۆ هەمیشە لێی جیابوومەوە.

دەروون ناس: ئەی چەند ساڵە ئەم خێزانە تازەیەت هێناوە؟

باوكی ئازاد: ئەوە بۆ دوو ساڵ دەچێت، نیازی ژن هێنانم نەبوو ئەوەندە داخی ئەو ژنە ناپاكە چوو بەدڵما, هەموو ئافرەتێكم لە پێش چاو كەوت، بەڵام سەرەنجام بیرم كردەوە، ماڵ ئافرەتی پێویستە بە تایبەت پاش مردنی دایكم, چونكە ناچار بووم، بەڵام صەد بریا هەر ژنم نەهێنایە، و گیرۆدەی ئەم هەراو بەزمەش نەبوومایە!!

زانای كۆمەڵناس: باوكی ئازاد! وا بیر نەكەیتەوە كە ئەم ناپاكییە تەنیا لە ئافرەتەوە ڕوودەدات، بەڵكو لە پیاوانیشەوە هەمان تاوان ڕوودەدات، لەم ڕۆژانەدا ڕۆژنامەم خوێندەوەو هەواڵێكی دڵتەزێنی تیابوو, كت‌ومت لەم بەسەرهاتە كۆنەی تۆ دەچوو, بەڵام پاڵەوانی ناپاكی لەم ڕووداوەدا پیاوبوو، ئەمەش پاڵفتەی هەواڵەكەیە: ئافرەتێك سكاڵای ناردووە بۆ ڕۆژنامەكەو دەستەو دامێنی بووە كە سكاڵاكەی بڵاوبكاتەوە, ئافرەتەكە دەڵێت: " من ئافرەتێكم، مێردەكەم مووچە خۆربوو, چوار منداڵمان هەیە, جاران مێردەكەم

جگەکاری خۆی پاش دەوامیش کاری دەکرد, تا ژیانمان باشتر بێتو گوزەرانمان خۆشتر بێت ئەم ئاڵو گۆڕەی لەم دواییەدا لە دایەرەکان پەیدابوو ماڵی منی وێران کرد, مێردەکەی من لەناو ژوورێکدا بوو, چوار ئافرەتی فەرمانبەریان لەگەڵا دانا, گێژەڵووکەی ئەم بەدبەختییە کۆشکی بەختەوەریمانی وێران کرد، ئەو پیاوەی کە جاران بەڕووی خۆشەوە دەهاتەوە, وەك شێتو هاری لێ هات، بووە دڕوندەیەکی سامناكو ناوچاوتاڵ, منداڵەکان ئەگەر قسەیەکیان بکردایە, خێرا دای دەپلۆسین، بەو جۆرە منداڵەکانیشی سەرشێت کردبوو، بیانووی پێ دەگرتین, هەرچەندە هەوڵم دەدا لەو حاڵەتە لایدەم، و دڵی ڕاکێشم زیاتر تووڕە دەبوو.

ئەو پیاوەی کە جاران کاری لاوەکی دەکرد, وازی لەکار هێنا, زیاد لەوە خووی دایە قات کڕینو عەتری گران قیمەت!! پاش ماوەیەك لێکۆڵینەوە, بۆم ڕوون بووەوە کە گیرۆدەی ئەوینی یەکێك بووە لەو ئافرەتانەی هاوکاری, هەڵخەڵەتێنراوەو دڵی کەمەند کێش کراوە!! وا ئێستا خۆماو چوار منداڵم دڵشکاوو دڵبریندارین, ئەم سکالآیەم بۆیە بۆ نووسین تا خەڵکی هەموو ئاگادارین چ ستەمێکمان لێ کراوە!! بۆیە هیوادارم ئێوەش لە ڕۆژنامەکەتانا بلآوی بکەنەوە چونکە بە خاوەنی ویژدانتان دەزانم."

جا برای خۆما وەنەبێ تەنیا ئافرەت خیانەتی لێ بووەشێتەوە, بەڵکو هەمان تاوان لە پیاویشەوە ڕوودەدات، لەبەر هەواو هەوەسی خۆی, ماڵەکەی وێرانو منداڵەکانی سەرگەردان دەکات.

باوکی ئازاد: مژێکی قووڵی لە جگەرەکەی دا،و پڕ بەدەم دووکەڵی تێکەڵ بەیادگاری تاڵی هێنایە دەرەوە، و گوتی: مامۆستاگیان! قسەکەت ڕاستە، ئەم بەسەر هاتانەو ئەم ڕووداوانە زۆرن، بەلآم کوێرەوەری ئەو ئافرەتەو کەساسی منداڵەکانی, و بەدبەختی منو دەردی سەریو سەرگەردانیو ئاژاوەی ناوماڵی ئێمەش, هەمووی ئەنجامی دەردێکن ئەویش دەردی: دووربوون لە بەرنامەکەی خواو پشت هەڵکردن لە ڕێبازەکەیو چاولێکەری کوێرانەی ڕۆژئاوایە!!پاش ئەوەی کە (مەهاکی) دەردەکەیان بۆ دەرکەوت، کوڕەکە هەندێ ئامۆژگارییان کردو بڕیاریان دا دڵنەوایی ئازادیش بکەنو بە ڕێنمونی گونجاو بەسوود هیوا بخەنە دڵیەوە..

سەنگەرسەر

شوباتی / 1980

# کەمەند کێشت کردم

مانگی حەوتی ساڵی نۆصەد و حەفتا و یەك بوو جانتاكەی هەڵگرت و بەرەو گەراج كەوتە ڕێ، تا لەم پشووی هاوینەدا، هەندێك هەوای پاكی كوێستان هەڵمژێ.. پاش ئەوە ئوتۆمبێلەكە وەڕێ كەوت، لەگەڵ ئەو كیژەی كە لە تەنیشتیەوە دانیشتبوو دەستیان بە گفتوگۆ كرد:

نەسرین : خوشكێ، ئێوەش بۆ هاوینەهەوار دەچن؟

پرشنگ : نەخێر، خوشكی خۆمائێمە ماڵمان لە كوردستانە، بەلاّم لەبەر ئەوەی ماڵی كاكم لێرەن ئەم پشووی هاوینەم بە هەل زانی تا سەرێكیان لێ بدەم، وا ئێستاش دەگەڕێمەوە بەلاّم وا دیارە تۆ نیازی كوێستانت هەیە؟

نەسرین : بەڵێ، منیش ماڵی خاڵم لە كوردستانە و ماوەیەكە كاكیشم ڕۆیشتووە، لەوێ چاوەڕوانمە، تا پێكەوە بە هاوینەهەوارەكانی كوردستاندا بگەڕێین.

پرشنگ: وا دیارە ئێوە ماڵتان لە بەغدایە؟

نەسرین : بەڵێ ..

پرشنگ: له چ قۆناغێکی خوێندندایت؟

نەسرین : له قۆناغی زانکۆدام، له پۆلی دووەمی کۆلیجی دەرمان ناسیم . ئەی جەنابتان؟

پرشنگ : منیش له پۆلی پێنجەمی زانیاریم.

ئۆتومبێلەکە بیابانی چۆڵی قوڵفەی دەبڕی، هەوای نێو ئوتومبێلەکه گەرم ببو، پرشنگ ویستی کەمێك هەوای فێنك بێتە ژوورەوە، بۆیە شووشەی پەنجەرەکەی لادا، بەلآم لەگەڵ کردنەوەیدا خێرا دایخستەوە و به سەرسامییەوە گوتی: ئەی هاوار خوایه چەند گەرمە!

لەم کاتەدا نەسرین له دەمی ستاندەوە و گوتی: راسته هەواکه زۆر گەرمە، بەلآم هەوای دۆزەخ زۆر گەرمترە! با ئاگرەکەشی لەولاوە بوەستێ.

پرشنگ: خوا بمان پارێزێ.

نەسرین: دەبێ ئێمە خۆمان بپارێزین، ئەوسا له خوا بپاڕێینەوە. که بمان پارێزێ..

پرشنگ: خوا هەر دەمان پارێزێ! ئێمە موسوڵمانین و باوەڕمان به خوا وپێغەمبەر هەیه، تۆ بڵێی نەمان پارێزێ؟

نەسرین: خوشکی خۆما ئایا ڕاسته ئێمه موسوڵمانین و باوەڕمان به خوا و پێغەمبەر و پاشه رۆژ هەیه؟

پرشنگ: ئەدی بۆ نا؟

نەسرین: خوشکی خۆما ئەگەر ئێمه له هەر کۆمەڵه و ڕێکخراوێکدا بین، بەلآم هەڵس و کەوتمان به پێی پەیڕەو و پرۆگرامی ئەو کۆمەڵە یان ئەو ڕێکخراوە نەبێ ئایا ئێمه به ڕاستی ئەندامێکین لەو کۆمەڵە؟ یان به ڕاستی باوەڕمان بەو کۆمەڵە هەیه؟ به ڕاشکاوی (صراحه) وەلآمم بدەوە!

پرشنگ: نەخێر، واقیع به درۆمان دەخاتەوە .

نەسرین: کەوابوو ئەو قسه سەر زارەکییەی ئێمە، هیچ سوودێکی بۆ پاشەڕۆژ هەیه؟ تا له ئاگری دۆزەخ بمان پارێزێ؟

پرشنگ: نەخێر..

نەسرین: ئەدی چار چاییه؟

پرشنگ: دەبێ فەرمانەکانی خوا بەجێ بێنین، تا به درۆزن دەرنەچین که دەڵێین: موسوڵمانین.

نەسرین: پشت به خوا.. بڕیار دەدەیت لەمەودوا به ڕێبازی ئیسلامدا بڕۆیت؟

پرشنگ: پێش ئەوەی بڕیار بدەم، چەند پرسیارێکم هەیە، ئەگەر وەڵامی ئەو پرسیارانەم دەست کەوتبا، و پێی قایل بومایە، بڕیاری تەواوم دەدا!

نەسرین: دەی، بۆ ناپرسی؟

پرشنگ: کەسی وا پێنازانم و ڕووشم نییە بچمە لای مەلاکان.

نەسرین: پرسیارەکانت بۆ من باس بکە، بەڵکو من وەڵامەکانیان بزانم..

پرشنگ: لەوانەیە تۆ بیان زانیت، چونکە وا دیارە شارەزاییت لە ئیسلام هەبێ، بەڵام زویر نەبی!

نەسرین: دڵنیا بە ..

پرشنگ: بۆ ئیسلام ڕێی ئافرەت نادات کار بکات؟ بۆ دەبێ چاوی لە دەستی پیاوان بێت؟ بوچ دەبێ یەخسیری نێو ماڵ بێت؟ بۆ..؟ بۆ..؟

نەسرین: خوشکی خۆما ئێمە دەبێ مانای ئەم دوو ڕستانە لێك جوێ بکەینەوە:

1- ڕێی ئافرەتی نەداوە کار بکات ..
2- لەسەر ئافرەتی واجب و پێویست نەکردووە کار بکات.

رستەی یەکەم ئەوە دەگەیەنێ: قەدەغەیە، و بە هیچ جۆرێ بۆی نییە کار بکات..

رستەی دووەم ئەوە دەگەیەنێ: دەتوانێ کار بکات و دەشتوانێ کار نەکات و زۆری لێ ناکرێ بۆ کارکردن. ئێمە دەبێ بزانین هەڵوێستی ئیسلام بەرامبەر بە کارکردنی ئافرەت کامیانە؟

ئایا ئیسلام کارکردنی ئافرەتی قەدەغە کردووە؟ یان کارکردنی لەسەر پێویست نەکردووە؟

پرشنگ: شتێکی دیارییە، پێویستی نەکردووە لەسەریان.

نەسرین: کە وابوو، ئیسلام هیچ ستەمێکی لە ئافرەت نەکردووە بەڵکو ڕێزی لێ گرتووە..

پرشنگ: چۆن؟

نەسرین: ئەگەر ئیسلام جگە لە پەروەردەکردنی منداڵ، کارکردنیشی لەسەر ئافرەت پێویست بکردایە، ئەو کاتە دەمان گوت: ئیسلام ستەمی لە ئافرەت کردووە..

پرشنگ: بۆچ؟ ئایا کارکردنی ئافرەت ستەم کردنە لە ئافرەت؟!

نەسرین: بەڵێ، خوشکم، ئەگەر ئایینی ئیسلام کارکردنی لەسەر ئافرەت پێویست بکردایە، دەبوا لە هەموو کات وبار و دۆخێکدا

کاری بکردایە، وئەمەش دەبووە دەردەسەرییەکی زۆر بۆئافرەت، چونکە خۆت دەزانی ئافرەت  بێنوێژی مانگانە (حەیز)ی هەیە، و سکپڕ بوونی دەبێ، و منداڵی دەبێ، و شیر دەدات، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا دەبوو لە دەرەوەش کاری بکردایە، ئایا ئەمە ستەم نییە لە ئافرەتی بەستە زمان؟

پرشنگ: ئەی چار چییە؟ بۆ ئەوەی ئافرەت چاوی لە دەستی پیاو نەبێت؟

نەسرین: گیانەکەما ئێمە لە ڕوانگەی ڕۆژئاواوە تەماشای کێشەی ئافرەت دەکەین، بەڵام لە ڕۆژئاوادا یاسایەکی تایبەت هەیە، کە زۆر لە یاسای ئیسلام جیاوازە.

یاسای خێزان لە ڕۆژئاوادا، پێویستی کردووە، ئافرەت کار بکات، بە مەرجێك ئەو ئافرەتە، تەمەنی گەیشتبێتە هەژدە ساڵ، مەگەر بە هۆی خوێندنەوە چاوپۆشی لێ بکرێت.. جا ئەو ئافرەتە دایك بێت، یان خوشك بێت، یان ژن، یان کچ.. دەبێ بڕوات کار بۆ خۆی بدۆزێتەوە و خۆی پێ بژێنێ، چونکە کەس و کاری ئەو ئافرەتە لەسەریان پێویست نییە بی ژێنن، ئەدی ئەگەر ئەو ئافرەتە کاری وەدەست نەکەوت؟

پرشنگ: دەبێ چاوی لە دەستی پیاو بێت، چونکە بە پێی یاسا ژیاندن و خەرجی ئەوان لەسەر پیاوان نییە.

نەسرین: بەڵام ئەم حاڵەتە لە ئیسلامدا زۆر جیاوازە.

پرشنگ: چۆن؟

نەسرین: ئیسلام لەسەر ئافرەتی پێویست نەکردووە کار بکات، بەڵام بە پێی یاسا، لەسەر پیاوی پێویست کردووە ئافرەت بژێنێ و مەسەرەفی بکێشێ، جا ئەو ئافرەتە خێزانی پیاوەکە، یان خوشکی، یان دایکی بێ، لەبەر ئەوە ئێمە هیچ کاتێك منەت لە باوکمان نازانین کە بەخێومان دەکەن و خەرجیمان پێ دەدەن.. لە لایەکی ترەوە، ئەی ئەو کارانەی ئافرەت لە ماڵەوە ئەنجامی دەدات، تۆ بەکاری دانانێیت؟

پرشنگ: بڵێم چی؟ کارێکی بەرهەمدار نین!

نەسرین: بە پێچەوانەوە، باشە، ئەو کارانەی کە ئافرەت لە ماڵەوە دەیان کات، ئەگەر بە پارەبکرێن بایی چەندن؟!  هەر لە منداڵ بەخێوکردنەوە  بیگرە، تا نان و چا ساز کردن و قاپ و قاچاخ شۆردن؟!

پرشــنگ: ڕاســتە، ئەمــە پارەیــەکی زۆری دەوێ، بــۆ نموونــە: مامۆســتایەکی دراوســێمان لــە شارۆچــکەیەك شــووی کــردووە، تــەنیا خۆی و مێردەکەیەتی، خزم و خوێشیشیان نییە، خوا منـداڵێکی پـێ بەخشیبوو، ویستبووی دایـەنێکی بـۆ بگرێ، بیست دینـاری دابـوو بۆیان بەخێو نەکردبوو، داوای بیست و پێنجیان لێ کردبوو!!

نەسرین: ڕەحمەت له باوکت! ئەدی چێشت لـێ نـان؟ ئـەدی جل شۆردن؟ ئەدی خزمەتی نێو ماڵ؟ با ئەوەش لـەوێ بوەسـتێ کـە ئـەو منداڵەی دایەن بە خێوی دەکات، بەو جۆرە پاك و خـاوێن ڕانـاگیرێ، کـە دایکـی خـۆی خـەریکی دەبێـت، سـەرەڕای ئـەوەی کـە لـە سـۆز و لەلەی دایکی بێ بەش دەبێ! .. ئەو کارانـەی کـە ئـافرەت لـە ماڵـەوە دەیـان کـات، ئەگـەر بـە پـارە دایبنـێین ئەوەنـدەی مووچـەی ئـەو ئافرەتە نابێ کە لە دەرەوە کار دەکات؟

بائەوەش لەوێ ڕاوەستێ کە ئەو خزمەتـەی کارەکـەرێك ئـەنجامی دەدات هەرگیز وەك ئەوە نابێ کە خاوەن ماڵ خۆی خزمەتی خۆی بکات .

پرشـنگ: بـەڵام هـەموو شـوێنێك وانییـە کـە ئـافرەتی مووچـە خـۆری لـێ بکەوێتـە تەنگانـەوە..!! لـە شـارەکاندا دەتـوانێ منداڵـە کۆرپەکە بنێرێتە دایەنگا (دار الحضانة ) و بە نرخێکی کەم بۆی بەخێو بکەن، و بۆچێشت لێنان و خواردن و کاری نێومـاڵ، دوای لـە ئیش گەڕانەوە دەتوانێ ئەنجامیان بدات..

نەسـرین: گریمـان ئـەو منداڵـە کۆرپـەیان بـە نرخێکـی کـەم بـۆ بەخێوکرد، ئایا ئەوانەی لە دایـەنگا ئـەو منداڵـە بەخێودەکـەن هـەر ئـافرەت نـین؟ ئـەو پیـاو و ئافرەتانـەی کـە خزمـەتی ئـەو ساوایانە دەکەن ئایا بە کرێ نەگیراون، و مووچەیان نییە؟ جا ئەو ئافرەتە چ لە ماڵەوە منداڵ بەخێو بکا، و چ لە دایەنگا، چ جیاوازییەك هەبوو؟ ئەو پارەی لـەوێ بـە دایـەن دەدرێ ئەگـەر بەسـەر دایکـی ساواکاندا دابەش بکرێ بۆ خەرجی ساواکانیان باشتر نییە؟

پرشنگ: ئەگـەر ئافرەتـان هـەموو کارێـك بکـەن بـەروبووم زیـاتر دەبێ و بەرهەم پتر دەبێ..

نەسرین: خوشکی خۆما بۆچ ئەو وولاتانەی بە نـاو پێشکەوتوون و هــەموو ئافرەتــەکانیان لــە کــاردان دەبــوو تووشــی بچــووکترین گۆبەندی ئابووری نەبووبان بە گوێرەی قسەکەی تۆ.

خـۆ ئەگـەر ئێمـە گـوێ لـەڕادیۆ بگـرین، یاسـەرنجێکی کـەمی ڕۆژنامـە وگۆڤارەکـان بـدەین، ئـەوا هـەر ڕۆژەی هـەواڵێك دەبیسـتین

یادەبینین، کە لەو وولاّتانەدا خۆ پیشاندان دەکرێ، و داوای دەسهاتی زۆرتر دەکرێ.. کەوابوو ئەم قسەیە ڕاست نییە کە گوایە کارکردنی ئافرەت دەبێتە هۆی کەم بوونەی گۆبەندی ئابووری، و زیاد لەوانەی کە باسمان کرد، ئایا هیچ ئافرەتێکی بێگانە سۆز و لەلەی دایکی ڕاستەقینەی هەیە بۆ کۆرپە ساواکەی؟

کاتێ ئافرەت لە کارەکەی دەگەڕێتەوە، بەو هیلاکی و ماندوویییەوە دەست بەکاری ناومالّ بکات، وەك: چێشتلێنان و پێویستییەکانی تری ناومالّ، ئایا ئەوە زولّم و ستەم لەو ئافرەتە نییە، ئایا بەو ژیانە دەگوترێت ژیان؟

پرشنگ: والله خۆ راستیش دەکەیت، ئێمە لە قوتابخانە دێینەوە، کەدەرسیش دەخوێنین و دەرس خوێندن وەك کارکردن مرۆڤ هیلاك ناکات، کەچی توانای ئەوەمان نییە بەرەگەکەی دەرەوەمان بگۆڕین، خێرا خۆمان بە زەویدا دەکوتین، ئەگەر دایکمان نەبێ هەرگیز لەووزەماندا نییە چێشت و چای نیوەڕۆ بۆخۆمان دروست بکەین..

نەسرین: خوشکی خۆما ئێمە چوار سەعات بەدەرسەوە خەریکین، ئەی ئەوە بۆ نالێیت ئەو بەسەزمانە دەبێ هەشت سەعات کار بکات! ئایا چ تاقەتێکی دەمێنێ؟ کەی چاوی بە منداڵەکەی بکەوێت، و کەی باوەشی گەرمی بۆ بکاتەوە، و کەمێ سۆز و لەلەی پێ ببەخشێ؟ ئایا ئەمە ستەم کردن نییە، لە ئافرەت و هەم لە ساواکەش؟

پرشنگ: بەڵگەکانت واقیعین و زۆریش بەجێن.. ئەی ئەگەر ئەو کۆسپانە نەمان، هەر نابێ کار بکات؟..

نەسرین: ئەگەر پێی خۆش بوو با کاربکات، چونکە ئایینی ئیسلام ئەو کارەی بەڕوا داناوە، بگرە ئەو ئافرەتانە خێرێکی گەورەشیان دەست دەکەوێ کە یارمەتی مێردەکانیان دەدەن، بۆ ئەوەی ژیانێکی خۆشتریان هەبێ، وەك ئەو کارانەی کە لە ناو ماڵدا ئەنجام دەدرێت لە مافوور چنین و هەموو جۆرەکانی تری رستن و چنین، و پزیشکی و مامۆستایەتی...هتد .

پرشنگ: باشە، با بڵێین ئەو ئافرەتەی کە منداڵی هەیە، یا مێرد، یا باوك، یا برای هەیە و ژیانی لە سەر یەکێ لەوانەیە و ناڕوات بۆ نان پەیدا کردن.. ئەی ئەگەر چەند منداڵێکی هەبوو؟ و منداڵەکانی پێ نەگەیشتبوون – کۆتەڵ نەبووبوون – و ئەو

ئافرەتەش نە باوکی هەبوو، نە مێرد، مێردەکەی مردبوو ئەو کاتە چی بکات؟

نەسرین: پرسیارەکەت زۆر بەجێیە، ئیسلام ئەم جۆرە کەسانەی پشتگوێ نەخستووە، بەڵکو ژیانیان لە (بیت المال) واتە: گەنجینەی دەوڵەتی ئیسلامی بۆ دابین دەکرێ، و ئەگەر بەرنامەی ئیسلام کاری پێ نەدەکرا، ئەو کاتە ڕێگای لە ئافرەت نەگرتووە، با کار بکات لە دەرەوە، بە مەرجێ ئابڕووی پارێزراو بێ..

پرشنگ: نەسرین خان! بە ڕاستی لە بارەی ئیسلامەوە شارەزایی باشت هەیە! باوەڕت هەبێ من زۆر لە مێژە بە شوێن ئەم وەڵامانەدا وێڵ بووم، تا لێرەدا خوا تۆی کردە هاوەڵم، و بوویتە دەستگیرم، و لەو گێژاوی نەزانینە ڕزگارت کردم، خوا پاداشتت بداتەوە..

نەسرین: خوشکی بەڕێزم، ئەوەی ناوێ، ڕوون کردنەوەی ئایین (بەلای منەوە) ئەرکی سەرشانی هەموو موسوڵمانێکە، و منیش ئەگەر توانیبێتم ئەو ئەرکەم بەجێ هێنابێ، ئەوا سوپاس بۆ خوای مەزن..

بەڵام پێم خۆشە لە بارەی ئافرەتەوە ناوی چەند کتێبێکی کوردیت پێ بڵێم تا بیان خوێنیتەوە، و سوودیان لێ وەربگریت، ئەو کتێبانەش ئەمانەن:-

1- ئافرەت.
2- دەم کوتی تاوانباران.
3- خێزانی بەختیار
4- دوا بڕیارم.

پرشنگ: زۆر سوپاست دەکەم هیوادارم وێنەتان زۆر بێ..

نەسرین: هیوادارم سوودیان لێ وەربگری، و پەردە لەسەر فڕوفێڵ و تەڵەکە بازی ناحەزانی ئیسلام هەڵبماڵی.

لەم ووت و وێژانەدا بوون خەریك بوو نزیك دەکەوتنەوە لە شار، لەبەر ئەوە ناوونیشانی تەواویان لە یەکتر وەرگرت، تا لە مەودواش نامە بۆ یەکتر بنێرن و پەیوەندییان پێکەوە هەبێت، کە گەیشتنە ناوشار خواحافیزیان لە یەکتر کرد و جیا بوونەوە.

# # #

(بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان )

خوشکی بەڕێزما جێگەی هیوا و ئاواتم، بولبولی دەنگ خۆشی باخچەی ڕەنگینی ئیسلام، نەسرینی باخی هیوام پێشکەش. سەرەتا سڵاوی پیرۆزی ئیسلامت پێشکەش بێ.. سڵاوێك بۆنخۆش تر لە وەنەوشە و سوێسنە و نێرگز و شەوبۆ، بە سۆز وەك دڵی ئەویندارانی ڕێگای ڕاستی و ڕاستەقینە.. فێنك وەك هەوای هاوینە هەوارەکانی کوێستان..

خوشکی بەڕێزما ئا لەم کاتەدا کە من پێنووسم بەدەستەوەیە و ئەم نامەیەت بۆ دەنووسم، شەو باڵی تاریکی بەسەر جیهاندا کێشاوە، و تاڵە باریکەکانی نەفامی (جاهیلی) یش لەسەر خۆ خەریکی ڕستن و تەنینی تاریکیەکی دژوارن و سۆلسۆلەیەکی ڕووناکی لە دڵی نەفامەکاندا نەماوە، جیهانی دەوروبەرم، شەوی دیجوور و تاریکە بەڵام لە ناو قوڵایی ئەو تاریکستانەوە، تەنیا دەنگێکم گوێ لێیە، ئەو دەنگەش داوای ڕزگاری دەکات، داوا دەکات: ئەو خەڵکە، هوشیار ببنەوە و لە خەوی بێ ئاگایی بێدار ببنەوە، بەڵام چ دەنگێك؟

دەنگێکی ناسك و فێنك وەك شنەی شەماڵ، شیرین وەك ئاوی چاوگی کوێستانەکان، پاك و بێگەرد وەك ڕووی ئاسمانی هەساو، جوان و ڕازاوە وەك گوڵی شاخەکان، بەڵام ئەم دەنگە هەموو ئەندامەکانی لەشمی کەمەند کێش کرد و بوونە ملکەچی، وەك کۆرپەیەکی ساوا چۆن بەرەو ئامێزی دایکی بەسۆزی بازرقە دەدا و لە ئامێزیدا پشوو دەدات ئاوەها بەرەو باوەشی ئەو دەنگە دەچن، هەموو گیانم ملکەچ و گوێڕایەڵی ئەو دەنگەیە، من لە شەپۆلەکانی دەنگی ئەو بانگەوە هەست بە لە دایکبوونێکی نوێ دەکەم..

ئایا دەزانی نەسرین گیان! ئەو بانگە چییە؟ ئەو بانگە دەنگی باوەڕە: ﴿ رَبَّنَا إِنَّنَا سَمِعْنَا مُنَادِياً يُنَادِي لِلإِيمَانِ أَنْ آمِنُوا بِرَبِّكُمْ فَآمَنَّا ﴾آل عمران /193.

پەروەردگاری ئێمە! بێگومان گوێمان لە دەنگی بانگدەرێکەوە بوو بانگی بۆ باوەڕ دەکرد، داوای لێ دەکردین باوەڕ بێنن بە پەروەردگاری خۆتان، ئێمەش باوەڕمان هێنا..

لەبەر ئەوە من تێگەیشتووم کە تازە دەستم بە ژیان کردووە، ژیانێکی نوێ، پاش لە دایك بوونێکی نوێ.. پاش ئەوە دڵم لە تاریکە شەوی سەر گەردانیدا پەلی دەهاویشت، پاش ئەوەی لە

چەند ساڵێکی ژیانمدا بە ڕەشی قەلاخییەوە ڕەنگی گرتبوو، و لەو چاویلکە تاریکەوە نەبوایە، نەم دەتوانی تەماشای هیچ شتێك بکەم..

دەریای ژیان تا دەهات، شەپۆلەکانی فراوانتر و بەهێزتر دەبوون، ڕەشەبا و گێژەڵووکەی ئەو دەریایە، نزیك بوو بەلەمە بچکۆلەکەی ژیانم تێك بشکێنن و بمکەنە پارووپەکی ئاسان، بۆ دەمی نەهەنگە زلەکان..

بەڵام چاوی هەمیشە ئاگادار و بەبەزەیی پەروەردگار، چاوی لەو بەلەمە بچکۆلەیە، کە لەگەڵ ئەو هەموو شەپۆلە بێ بەزەییانەدا ملانە دەکات!

لەناو ئەو فرمێسکانەوە، لەناو ئەو خەم و پەژارانەی ناو بەیەکهاتنی شەپۆلەکان و گڤەگڤی ڕەشەبای ئێسك قورسدا دەستێکی نەرمی ناسك و بەسۆز بەرەو من هات و پەلی گرتم و لە نقووم بوون ڕزگاری کردم، ئەویش پاش یارمەتی پەروەردگار دەستی تۆ بوو، دەستت ڕاکێشام تا دڵی ماندووم بحەسێتەوە لەو ماندوو بوونەی تووشی بووبوو، و ئازار و دڵەکوتەی دەروونم لابەری، و گیانی شپرزم ئاسوودە بکەیت و بەرەو کەناری بەختەوەری دەستم بگری و بم گەیەنیتە جێگای دڵنیایی..

بە تەواوی بەم نامەیەی دواییت، ئەم شۆڕشە لە ژیانمدا ڕووی دا، هیوادارم نامەم لێ نەبڕیت، چونکە نامەکانت بۆ من وەك ئۆکسجینن بۆ ئادەمیزاد .. ئیتر بە هیوای پێشوازی لە چەپکێکی تر لەو تیشکە ڕووناکەی باوەڕی بەهێزت.. و السلام علیکم و رحمە الله و برکاتە.

**خوشکی دڵ لە لات: پرشنگ**

# # #

خوشکە خۆشەویستەکەم پرشنگی هیوای ئاسمانی کوردستانم پێشکەش..

پاش سلاوێکی پڕ لە سۆز و خۆشەویستی..

نامە شیرین و ڕازاوەکەت گەیشت، مەگەر هەر خوا بزانێ چەند شادمان بووما بە تایبەت کە لە ژیانی تۆدا هەواڵی گۆڕانێکی گەورەی تێدا بوو، وە شۆڕشێکی پیرۆز بەسەر واقیعێکی چاولێکەری و شوێنکەوتەییدا بۆ ژیانێکی سەربەخۆ و بیرکردنەوە و بڕیار دان.

بەڵێ، وشەکانی نامەکەت، هەموویان تیشکی هیوایان دەنارد، باسی ڕووناکییەکی پرشنگداریان دەکرد، باسی لە دایکبوونێکی نوێیان دەگێڕایەوە..

چۆن قارەمانێك لە یەکەم خوولی یاریەکەیدا بە سەرکەوتن شادمان دەبێت منیش ئاوا شادمانما بەڵام مەیدانی ئەم یارییە هەست وسۆزە، من لەبەر ئەوە شادمانم چونکە هەست بە ڕزگارکردنی یەکێك دەکەم کە نزیك بوو، ببێتە قوربانییەکی دەستی واقیعی ناهەمواری بێ ڕەزای نەفامی!

لە کۆتاییدا داوای بەختەوەری و شادمانی و کامەرانیت بۆ دەکەم.

بەرەو وتەی جوان و ڕێ پیشاندەر، بەرەو هەستی زیاتر بە ناز و نیعمەتی ئیسلام..

خوشکی بەڕێز! تا دەتوانی بایەخ بەکارکردن بۆ پاشەڕۆژت بدە، بۆ ڕۆژی قیامەت، بۆ ئەو ڕۆژەی: ﴿ يَنظُرُ الْمَرْءُ مَا قَدَّمَتْ يَدَاهُ وَيَقُولُ الْكَافِرُ: يَا لَيْتَنِي كُنتُ تُرَابًا ﴾ النبأ/40. کە بنیادەم تەماشای کردەوەکانی خۆی دەکات، و کافر و بێ بڕوا دەڵێت: خۆزگا خاك بوومایە!

هەتا دەتوانی خۆشویستن و بێزار بوونت لەبەر ڕەزامەندی خوا بێت، هەموو کات پشت بە خوا ببەستە, چونکە ئەو کەسەی پشت بە خوا ببەستێ سەرگەردان و سەر لێشێواو نابێت، تادەتوانی لە هەموو کردەوەیەکتا خوات لە یاد بێت، و لە خوا بترسە چونکە: ﴿ إِنَّ الْمُتَّقِينَ فِي جَنَّاتٍ وَنَهَرٍ، فِي مَقْعَدِ صِدْقٍ عِندَ مَلِيكٍ مُّقْتَدِرٍ ﴾القمر/ 55.

واتە: بێگومان ئەوانەی لە خوا دەترسن لە ناو باخ و باخاتی بەهەشتان، و لە جۆگەکانی بەهەشت دەخۆنەوە، و لە کۆڕی حەق و ڕاستەقینەدا دادەنیشن، لە پەنای ڕەحمەتی پەروەردگاری خاوەن دەسەڵاتدا...

ئیتر هیوام وایە وشەی پرشنگدارتر لە پرشنگی خۆشەویستەوە ببیستم، وشەیەکی وا کە شادمان و دڵخۆشم بکات،و لە کۆتاییدا بە خوات دەسپێرم.

خوشکی دڵسۆزت نەسرین

# # #

خوشکە خۆشەویستەکەم، نەسرین

سلاوی خوای میهرەبانت لێ بێت..

دەستگیرەکەما ڕێ پیشاندەرەکەما ماوەیەکە نەخۆشییەکم تووش بووە، نەخۆشییەکەم نەخۆشیی لەش و جەستە نییە، بەڵکو خەم و پەژارەیەکە، کە لە لایەن شاگردەکانی شەیتانەوە بۆم پەیدا بووە!

من پاش ئەوە کە باوەڕم هێنا بە ئیسلام، و شیاویی بەرنامەکەی بۆ هەموو کات و سەردەمێك، پاش ئەوەی، کە گیان و بیرم بەختەوەر و ئاسوودە بوون، تازە مەحاڵ و نەگونجاوە، جارێکی تر بگەڕێمەوە بۆ ناو شەوی دەیجوری نەفامی.

بەلام ئەوەندە هەیە، ئێستا پەڵە هەورێکی چڵکن لە ئاسمانی دەروونمدا پەیدا بووە!

منیش هیوادارم وەك هەموو کاتێکی تر بتوانی، ئەو پەڵە هەورە چڵکنە لە ئاسمانی دەروونمدا بڕەوێنیتەوە.

نەسرینی خۆشەویستما مامۆستای دڵسۆزما پزیشکە لێزانەکەما ڕابەری ژیانما زۆر کەس ویستیان ڕوانگەی من بگۆڕن بەڵام نەیان توانی، لە چ ڕوانگەیەکەوە دەم ڕوانی هەر ئەوە بوو.. ڕۆژێ لە ڕۆژان نە بیر کردنەوەم گۆڕا و نە بۆچوونم.. بەڵام تۆی زانا و دڵسۆز، تەنیا کەسێك بووی کە توانیت ڕێڕەوی ژیانم بگۆڕیت، و دێوەزمەی بیری گیرۆدەم پارچە پارچە بکەیت.. ئێستاش داخوازیم ئەوەیە، بە تیشکی باوەڕی بەهێزت، و بە ووشە پڕ لە ئیمانییەکانت دڵ و دەروونم ڕوون بکەیتەوە، چونکە قسەکانت سرەوتم بۆ دێنن، وە هیوادارم لە ڕێنموونییەکانت بێ بەشم نەکەیت، ئەگەر لە تاقیکردنەوەی نیوەی ساڵ بوونەوە بەڵکو سەرێکمان لێ بدەن، چونکە بە دیتنتان شادمان تر دەبم.

ئیتر بە خوام سپاردی خوا بۆ من و ئەوانەی وەك من وەهان، بتان هێڵێ.

خوشکت: پرشنگ

# # #

ئەوا پشووی نیوەی ساڵە، و پرشنگ کتێبی (خێزانێکی بەختیار) ی کڕیوە و لەبەر سۆپا غازییەکەی خۆیانا دانیشتووە و دەیخوێنێتەوە و ڕۆیشتبووە ناو مەبەستی کتێبەکەوە...

ئا لەم کاتەدا دەنگی زەنگی ماڵەوەیان هات.. دڵی خەبەری دا کە لەوانەیە نەسرین بێ، بۆیە بە پەلە بەرەو دەرگا ڕۆیشت کە دەرگای کردەوە دیتی نەسرینی پزیشك و مامۆستایەتی، پاش ئەم لاو لای یەکتر ماچکردن دەستی گرت و بەرەو ژوورەکەی خۆی ڕۆیشتن، پاش پشوودان بەم جۆرە کەوتنە گفتوگۆ:

پرشنگ: نازانم نەسرین خان! ئەم نامە دواییەت پێ گەیشت؟ تۆ دەزانی نەسرین گیان! من چەند پێویستم بە تۆ هەیە؟! ئەگەر من بۆم کرایە خۆم دەهاتم بۆ لات، لەگەڵ ئەوەدا کە من لە شەشم و خۆت دەزانی قوتابی شەش پێویستی بە کۆششی زیاتر هەیە، بەلاّم هەر لە بیری ئەوەدا بووم، چۆن وەلاّمی ئەم پرسیارە بدەمەوە )!

ئایا ئیسلام چوون یەك سەیری ژن و پیاوی کردووە؟ ئەگەر وایە بۆ پیاوێك بە ئەندازەی دوو ئافرەت میرات دەبات؟

جا لەبەر ئەوە کە من ئیسلامم هەڵبژاردوە بۆ ڕێبازی ژیانم پێم ناخۆشە، لەم بارەوە نەشارەزا بم، و ئەم پرسیارەشم لێ کراوە و نەم زانیوە وەلاّمی بدەمەوە! جا لەبەر ئەوە هیوادارم تۆ ڕاستەقینەم بۆ باس بکەیت..

نەسرین: بەسەر چاو من ئامادەم بۆ وەلاّمی هەموو پرسیارێك، بەلاّم دەبێ ئەوە بزانی، کە هیچ کەسێ: (لە پڕێ نابێ بە کوڕێ) و تۆش لە ماوەیەکی کەمدا لە هەموو بارەیەکەوە بە تەواوەتی شارەزا نابیت..

جا لەبەر ئەوە داواکارم بەم جۆرە پرسیارانە خۆت سەخڵەت نەکەیت، هەرچەند منیش لە سەرەتاوە بەم جۆرە پرسیارانە دڵگران دەبووم ئەگەر وەلاّمەکانیانم نەزانیبایە. ئەمەش وەلاّمی پرسیارەکەت:

خوشکی خۆما بۆ ئەوی لە وەلاّمەکە باش حاڵی ببی پێویستە پێشەکییەکت بۆ باس بکەم.

هەر وەك پار بۆم باس کردیت ئافرەت لەسەری پێویست نییە خەرجی کەس بکێشێت نە کوڕ، نە کچ، نە مێرد، نە خوشك، نە دایك، نە برا، بەڵکو خەرجی ئافرەت لەسەر پیاو پێویستە، جا ئەو

پیاوە باوك بێ، یا مێرد، یا برا، یا کوڕ، یا باپیر بێ، ئەمە لە لایەکەوە، لە لایەکی ترەوە ئافرەت کە شوو دەکات مارەیی نادات بە پیاو و خەرجی ژن گواستنەوەش ناگرێتە ئەستۆ، بەڵکو مارەیی و خەرجی ژن گواستنەوە لەسەر پیاو پێویستە.. ئەنجا ئەم شتانە هەموو لە پێش چاو گیراوون، دەمێنێتەوە سەر میرات بردن..

ئەم پیاوەی کە ئەم هەموو خەرجی و ئەرکەی لەسەر شانە بە ئەندازەی دوو ئافرەت وەردەگرێ، کە هیچ خەرجییەکیان لە ئەستۆدا نییە، ئایا وەك یەك دەرنەچوون؟

پرشنگ: دەتوانم بڵێم: زیادیشی بەرکەوتووە.. بەڵام پرسیارێکی تر خۆی دێنێتە پێشەوە: پیاوێك کوڕ و کچێکی هەیە، کوڕەکەی ژنی هێناوە و لە ماڵی خۆیدایە، و کچەکەی شووی کردووە و لە ماڵی خۆیدایە، لەم کاتەدا باوکیان دەمرێ.. بۆچی لەم کاتەشدا براکە دوو ئەوەندەی خوشکەکە دەبات؟

نەسرین: مەبەستت ئەوەیە، براکە مەسرەفی ژنهێنان و مارەیی لەسەر نەماوە، کەوابوو بۆچ وەك یەك میرات نابەن؟

پرشنگ: بەڵێ مەبەستم ئەوەیە..

نەسرین: خوشکی خۆما ئایا هەموو کاتێك باوك مردن دوای ژنهێنانی کوڕ و کچ دەبێت؟

پرشنگ: نەخێر..

نەسرین: کەوابوو ئەم جۆرە ڕووداوانە ناوێزە (شاز)ن، و شتێکی دیار و ئاشکرایە، (شاژ) یاسای بۆ دانانرێ.. ئەمە لە لایەکەوە.. لە لایەکی ترەوە ئایا خەرجی دایکی ئەو کچ و کوڕە بە پێی یاسا لەسەر کامیانە؟

پرشنگ: لەسەر کوڕەکەیە..

نەسرین: ئەی ئەگەر خوشکەکە مێردەکەی مرد، خەرجی ئەو خوشکە لەسەر کێ دەبێت؟

پرشنگ: لە ئەستۆی براکەیدا دەبێ..

نەسرین: کە وا بوو لەم هەموو حاڵەتانەدا، براکە دوو ئەوەندەی خوشکەکە بگرە زیاتریش خەرجی و مەسرەفی لەسەرە، و لە هەمان کاتدا ئەرکی خێزان بەخێوکردنی خۆیشی لە ئەستۆدایە.

کە وابوو جێگەی خۆی نییە برا دوو ئەوەندەی خوشکی بەر بکەوێ؟

پرشنگ: قسەکانت بەجێن، بەڵام دایك و خوشکەکە دەتوانن بڕۆن لە کارگەیەکدا کار بکەن و خەرجییان لەسەر کوڕەکە نەبێت، ئەو کاتە خۆیان دەژیەنن..

نەسرین: ئەی ئەگەر ئەو خوشکە تووشی شەلەل بوو، دایکەکەشی پیربوو توانای کارکردنی نەبوو، ئەو کاتە کێ خەرجییان دەکێشێ؟

پرشنگ: قسەم نەما، خوا پاداشتت بداتەوە، پرسیارێکی تر هات بە خەیاڵما..

نەسرین: فەرموو، بزانم پرسیارەکەت چییە؟

پرشنگ: لەوانەیە یەکێك بڵێ: ئەو کات ئافرەت لە دەرەوە کاری نەدەکرد، بەڵام ئێستا ئافرەت کار دەکات و بگرە مووچە و مانگانەی بە ئەندازەی مانگانەی پیاوە، ئایا لەم حاڵەتەشدا هەر نیوەی پیاوێك میرات دەبات؟

نەسرین: لەگەڵ زەردەخەنەیەکدا گوتی: پرشنگ خان! ئەگەر ئێمە شوو بکەین یا هەر ئافرەتێکی تری مووچە خۆر شوو بکات، ئایا خەرجی گواستنەوە و مارەیی دەگرێتە ئەستۆ؟

پرشنگ: دەم بە پێکەنینەوە، نەوەڵڵا هەرگیز قایل نابێ..

نەسرین: کەوابوو بەهەڵەدا مەچۆ، و خەڵکیش با بزانن و بە هەڵەدا نەچن، ئەو شتەی کە بووەتە هۆی دانانی یاساکە هەر ماوە.. وا نییە خوشکی خۆم؟

پرشنگ: بەخۆشییەکەوە، سوپاسێکی زۆری نەسرینی کرد چونکە بووە هۆی ئاسوودەکردنی دڵ و دەروونی..

پاش ئەوە کە نەسرین پرشنگی هاوەڵی دڵنیاکرد، و گرێ کوێرەی پرسیارەکانی بۆکردەوە، و پەڵە هەوری چڵکنی خەم و پەژارەی ڕەواندەوە، ئەم لاولای یەکتریان ماچ کرد، و خوا حیافیزیان لە یەکتر کرد..

سەنگەسەر 1979

# (3)

# لەسەر خۆبە

لەپشـووی دووەمـدا لەحەوشـەی قوتابخانـە هاتوچـۆی دەكـرد، چنوور هاتەلای و دەستیان بەگفتوگۆكرد:

چـــنوور: ئـــەرێ گـــێلاس گیـــان! تـــۆ لەدەرســـی ئـــەمڕۆمان تێگەیشتیت؟

گێلاس: مەبەستت ئەم دەرسەیە كەئێستا خوێندمان؟

چنوور: بەڵێ.

گێلاس: بەڵێ، باش لێی تێگەیشتم، مەبەستت چیە؟

چنوور: ئەوی ڕاستی بێ من تەقەی سەرم دەهات، باوەڕت هەبێ هیچی لێ تێ نەگەیشتم.. بەیارمەتی خۆت كەمێكم بۆ باس ناكەیت؟!

گێلاس: بەسەر چاو..

گـێلاس هـەموو پشـووەكانی ئـەو ڕۆژەی بـۆ چـنووری هـاوەڵی تەرخان كرد، تا بەباشی دەرسەكەی تێگەیاند..

ئەو ڕۆژە زۆر چاوەڕانی پـاس بـوون، بـەڵام نـەبوو، لەبـەر ئـەوە بڕیاریان دا بەپێ بڕۆنەوە.. بەدەم ڕێوە دەستیان بەقسان كرد..

چنوور: بەڕاستی گێلاس گیان! ئەمڕۆ زۆر ماندووم کردی!..

گێلاس: ببورە خوشکی خۆشەویست، من ئەرکی سەرشانی خۆما بەجێ هێناوە بەرامبەر خوشکێکی موسڵمانم..

چنوور: گێلاس گیان! بەڕاستی دڵ ودەروونێکی پاکت هەیە، وا دیارە شارەزاییشت لەئیسلام هەیە؟!

گێلاس: سوپاس بۆ خوا تا ڕادەیەك ئاگاداریم لە ئیسلام هەیە، هەر ئەوەشە وام لێ دەکات خۆ ماندووکردنم پێ ئاسان بێ لەپێناوی ڕازی بوونی خوادا، چونکە بیروباوەڕەکەم وام لێ دەکات چاکە لەگەڵ خەڵکیدا بکەم، ئەوەتە قورئان دەفەرموێ: " وَتَعَاوَنُوا عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوَى، وَلَا تَعَاوَنُوا عَلَى الْإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ ..." المائدة/2

واتە: لەچاکەو پارێزکاریدا یارمەتی یەکتر بدەن، و لەسەر خراپەو دوژمنکاری هاریکار مەبن.

چنوور: بەڕاستی ئیسلام زۆر شتی جوانە، بەڵام..

گێلاس: ئێ خوشکی خۆما! دەتەوێ بڵێی زۆر شتیشی خراپە!

چنوور: نا... بەڵام..

گێلاس: بەڵام چی؟ بۆقسەناکەیت، دەتەوێ چ بڵێیت؟ بیڵێ، تا بەپێی توانا بۆت ڕوون بکەمەوە..

چنوور: دەترسم زویریی..

گێلاس: نا، خوشکی خۆما..دڵنیابە زویر نابم..

چنوور: مادام بڕیات دا زویر نەبی باسیان دەکەم، شتێکی ئاشکرایە کەئیسلام ئادەمیزاد هەڵدەنێ بۆ خێرو چاکەکردن، کەچی زۆر شتی وای تێدایە کەبۆ ئەم سەردەمەی ئێمە نا گونجێ! دەزانی بۆ چ؟

گێلاس: فەرموو بابزانم

چنوور: ئەم ڕۆژگارەی ئێمە سەردەمی ئازادی و سەربەستیە، و ئیسلامیش لەو بارەوە ستەمێکی گەورەی لەئافرەت کردەوە!

گێلاس: چنوور خان! دەتوانی بۆمان ڕوون بکەیتەوە، تابزانین ستەمەکانی ئیسلا م چین؟

چنوور: بەڵێ، باشە بۆ ڕوون دەکەمەوە.

**یەکەم**: ئاینی ئیسلام داوا لەئافرەت دەکات: خۆی داپۆشێ و، خۆی دەرنەخا، ئەمەش دەبێتە هۆی یەخسیربوونی ئافرەت لەناوماڵدا، و سوود وەرنەگرتنی لەو بەهرانەی پێی بەخشراوە، هەروەها عەباو سەرپۆش لەکاتی خۆیدا خراپ نەبوون، چونکە ئافرەت لەدەرەوە کارێکی نەکردووە. بەڵام ئافرەتی ئەمڕۆ لەدەرەوە کاردەکات، ئەگەر عەبا بەسەریا بدات، دەستی دەبەستێتەوە!!

**دووەم**: ئیسلام پیاوی کردوە بەئاغاو ئافرەت بۆی نییە قسە لەقسەی پیاوا بکات.

**سێ یەم**: ئەگەر ئافرەت لەلا یەن باوك وبراوە درابەشووئەو بەستە زمانە بۆی نییە نارەزای خۆی دەربڕێ، هەرچەند ئەو شووکردنەشی پێ ناخۆش بێ!!

**چوارەم**: لەفەرموودەیەکی پێغەمبەر دا ئافرەت بەلا رو خێچ دراوەتە قەڵەم، و نرخی ئادەمیزادی پێ نەدراوە!!

گێلاس: ئێ چنوور خان! چی تریش؟!

چنوور: با بڵێین: تەواو..

گێلاس: ئێستا بۆت ڕوون بکەمەوە و وەڵامی ڕەخنەکانت بدەمەوە؟

چنوور: بەڵێ.. فەرموو..

گێلاس: چنوورگیان! لەبارەی ئیسلامەوە خراپ تێگەیشتووی، یاباشتر بڵێم خراپ تێکەیەنراوی، جا گوێ لەخوشکی خۆت بگرە، تایەك یەکی ڕەخنەکانت وەڵام بدەمەوە.

## وەڵامی ڕەخنەی یەکەم:

ڕاستە ئیسلام داوای خۆ داپۆشین لە ئافرەت دەکات، بەڵام بۆچ خۆ داپۆشین ئافرەت یەخسیر دەکات؟

تەماشا مامۆستا تاڤگە بکە، ئافرەتەو خۆی داپۆشیوە، و لە دەرەوەی ناوماڵ کاردەکات، و ئەوەتە دەرسیش دەڵێتەوە..

تۆ لەڕەخنەکەتا گوتت: عەباو سەرپۆش دەبنە هۆی دەستبەستنەوە، بەڵام کەی ئیسلام داوای عەبامان لێ دەکات، ئێستا ئەم بەرگەی من لە بەرم کردوە نەچادرەو نەعەبا، لەگەڵ ئەوەدا بەپێی ویستی ئیسلامە.

هەروەها تۆ لەڕەخنەکەتا گوتت: ئیسلام نایەڵێ ئافرەت بچێتە دەرەوە!!..

بەڵام ئیسلام هیچ کاتێ چوونە دەرەوەی ئافرەتی قەدەغە نەکردوە، بەمەرجێ ئەو ڕۆیشتنە دەرەوەیە بۆ گێرۆدەکردن، و ڕاوکردنی لاوان نەبێ، ئەگەر ئافرەتێك بچێتەدەرەوە و ئارایشت نەکات، و بەبزەی لێو، و تیری چاو دڵی گەنجان بریندار نەکات، هیچ کات ئیسلام ئەو چوونە دەرەوەی قەدەغە نەکردوە و نایشی کات..

چـنوور: چـاو ئـەو زەبەلاحـە چـۆن بـەو ئافرەتـە بەسـەزمانەدا هەڵشاخا؟

گێلاس: خۆ بەچاوی خۆت دیت. کـاتێ کۆمـەڵگا بـەپیاوو ئافرەتـەوە لەبەرنامەی خوا دوورکەوتنەوە چۆن تووشی ئازارو سزا دەبن!! ئـەو بـێ شـەرمە ئەگـەر موسـوڵمان بوایـە، ئاوها ئـازاری ئـەو ئافرەتـەی دەدا؟

چنوور: نەبەخوا.

گێلاس: بەهەر حاڵ، قایل بوویت بەوەڵامی ڕەخنەی یەکەمت؟

چنوور: بەڵێ.. چونکە قسەکانت بەجێن..

## وەڵامی ڕەخنەی دووەم:

گێلاس: چنوورخان! تۆ پێت وایـە: ئیسلام پیـاوی کـردووە بـەئاغاو ئافرەت بۆی نییە قسە لەقسەیا بکات!!

چنوور: بەڵێ بەڵێ..

گێلاس: خوشکە گیان! ئەمەشم زۆر پێ سەیرە، چونکە ئێمـەی چاو بەستراو، مێژووی خۆمانیـان لێ وون کـردوین، پڕوپاڵانتـەی دوژمنـی داگیرکەر ئێستاش لەگوێمانـدا دەزرنگێتـەوە، هەرچـی ئـەوان بیلێن، بێ سێ و دوو ئێمەش دەیلێینەوە..

ئـەگینا ئـەو سـەر بەسـتییەی کەئیسـلام بـەئافرەتی داوە، هـیچ یاسـایەك تـا ئێسـتاش نـەیتوانیوە بیـداتێ، خۆئەگـەر سـەرێك لەبەرەبەیانی مێژووی ئیسلام بدەین، ئـەم ڕاستەقینەمان بـەجوانی بۆ ڕوون دەبێتەوە کە: ئافرەت نەك تەنیا لەگەڵ مێـردی خۆیـا ڕێـی پێـدراوە ڕەخنـە بگـرێ و ڕای خـۆی دەربـبڕێ بـەڵکو ڕێـی پێـدراوە

لەگـەڵ پێغەمبـەرﷺ موجادەلـە و  وتـو وێـژ بكـات، قورئـان ئـەم ڕاستەقینەمان بۆدەگێڕێتەوە:

لەسەرەتای سوورەتی ((المجادله))ئەوەتە دەفەرموێ:

﴿ قَدْ سَمِعَ اللَّهُ قَوْلَ الَّتِي تُجَادِلُكَ فِي زَوْجِهَا وَتَشْتَكِي إِلَى اللَّهِ وَاللَّهُ يَسْمَعُ تَحَاوُرَكُمَا ۚ إِنَّ اللَّهَ سَمِيعٌ بَصِيرٌ ﴾ المجادلة/1.

واتـە: بێگومـان خـوا قسـەی ئـەو ئافرەتـەی  بیست كـە لـەبارەی مێردەكەیـەوە مشت ومـڕی بـوو لەتـەكتا، و سكاڵای خـۆی لای خـوا دەكـات. و خـودا دیبایـت گفتوگۆی ئێـوە دەبیستی، و بێگومـان خـوا بیسەرو بینایە..

سـەیر بكـە، چـۆن خـوا ئافرەتەكـەی بەرامبـەر پێغەمبـەرە خۆشەویستەكەی داناوە!

**هەروەها مێژوو بۆمان دەگێڕێتەوە عومەری كوڕی خەتاب- خوا لێی ڕازی بێ – كاتێ ویستی لەمارەیی ئافرەتێك كەم بكاتـەوە چونكە مارەیی یەكەی  پێ زۆر بوو، ئافرەت بەرەنگاری ڕای عومەر ی كرد ، و گوتی: تۆ بۆت نییە لەمارەیی من كەم بكەیتەوە، چونكە قورئان**

**دەفەرموێ:** ﴿...وَآتَيْتُمْ إِحْدَاهُنَّ قِنطَارًا فَلاَ تَأْخُذُواْ مِنْهُ شَيْئًا... ﴾ النساء/20.

واتـە: ئەگـەر قینتـارێ زێرتـان كردەمـارەیی ئافرەتێـك هیچـی لێ مەگێڕنەوە قینتار بریتیە لەسەد مشت.

دەست بەجێ عومەر دەفەرموێ: ئافرەتێك حەقی پێكا و عومەر بە هەڵەدا چوو..

بـەڵێ، خوشـكی خۆشەویسـت! ئیسـلام ڕێگـەی داوە ئـافرەت قسـە لەقسەی پیـاوی وەك عومـەردا بكات، و بەرپەرچی ڕای گـەورەترین پیاو بداتەوە.. چنوورخان! ئەم مافەی كەئیسلام داویەتی بـەئافرەت لەچ یاسایەكدا پێی دراوە؟

بەڵام وادیارە تـۆ لەڕوانگـەی ئـەم كۆمـەڵگا نەفامییەیـەی خۆمانـەوە سـەیری ئیسـلام دەكـەیت، لەگـەڵ ئـەوەدا جیـاوازیی ئـەم دوو كۆمەڵگایە وەك جیاوازی ئاسمان و ڕێسمانە.

چنوور: ئایا گێلاس خان! ئەم كۆمەڵگای ئێمە ئیسلامی نییە؟!

گـێلاس: خوشـكی خـۆم ! كۆمــەڵگای  ئیسـلامی  بەوكۆمەڵگایـە دەگـوترێ: شـەریعەتی ئیسـلامی تیـا بـەڕێوە بـبرێ.. جاهــەر

کۆمەڵگایەك شەریعەتی ئیسلام فەرمانڕەوای نەبێ، پێ دەگوترێ: کۆمەڵگای نەفامی.

لەو کاتەدا کەئەمان لەم قسانەدا بوون دوو منداڵ ڕایان دەکرد، یەکێکیان سەرسمی داو دەم و لووتی بەخوێن سوو بوو، بۆیە گێلاس قسەکەی بڕی و بەوپەڕی سۆزەوە باوەشی پیاکرد، و هەڵی ساندەوە، و بەدەسڕەکەی دەم ولووتی خاوێن کردەوە ئەنجا ڕۆیشتن.

چنووریش پیرۆزبایی ئەم هەڵوێستەی بەگێلاسی هاوەڵی ڕاگەیاند و گوتی: وادیارە گێلاس گیان! مرۆڤایەتی و دڵسۆزیت بۆ هەموو کەسێك، بەشێکە لەقەوارە و بوونت؟!

گێلاس: ئێمەی موسوڵمان نابێ هیچ فرسەتێك لە کیس بدەین، بەڵکو دەبێ بەهەلی بزانین تابیکەینە زەخیرە و توێشوو بۆ پاشەڕۆژمان.

چنوور: خوا یارمەتی دەرت نەبێ، نازانم وەڵامی ڕخنەی سێ یەمت لەیاد نەچووە؟

گێلاس: نەخێر گیانەکەم.. پشت بەخوا لەیادم ناچێ، خۆ تێگەیشتیت کەئەم قسەیە کەگۆیا: ئافرەت لەکۆمەڵگای ئیسلامیدا بۆی نییە ((قسە لەقسەی پیاودا بکات )) درۆیەو نابەجێ؟؟

چنوور: بەڵێ..بەڵێ.. خوا پاداشتی خێرت بداتەوە..

## وەڵامی ڕەخنەی سێ یەم

گێلاس: پێت وایە لەکۆمەڵگای ئیسلامیدا ئافرەت لەشووکردنا هیچ دەستەڵاتێکی نییە، و مافی ئەوەی نییە لەچارەنووسی خۆیا بەشداری بکات؟!

چنوور: بەڵێ بگرە ئەگەر شووەکەشی بەدڵ نەبێ بۆی نییە شووی پێ نەکات!!

گێلاس: خوشکی خۆم! ئەگەر بتزانیبایە کەئاینی ئیسلام تا چ ڕادەیەك لەشووکردنا مافی بەئافرەت داوە، هەرگیز قسەی وات نەدەکرد..

خوشکی بەڕێز! باسەیرێکی سەردەمی پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵەکانی بکەین، و لەڕوانگەی مێژووەوە بزانین ئایا ئافرەت لەشوکردن و هەڵبژاردنی مێردیدا مافی هەبووە یان نە؟

عَنِ الْقَاسِمِ بْنِ مُحَمَّدٍ: أَنَّ امْرَأَةً مِنْ وَلَدِ جَعْفَرٍ تَخَوَّفَتْ أَنْ يُزَوِّجَهَا وَلِيُّهَا وَهِيَ كَارِهَةٌ، فَأَرْسَلَتْ إِلَى شَيْخَيْنِ مِنَ الأَنْصَارِ -عَبْدِالرَّحْمَنِ وَمُجَمِّعٍ ابْنَيْ حَارِثَةَ- قَالاَ: فَلاَ

تَخْشَـيْنَ، فَإِنَّ خَنْسَـاءَ بِنْـتَ خِـذَامٍ أَنْكَحَـهَا أَبُوهَـا وَهِـيَ كَارِهَةٌ؛ فَرَدَّ النَّبِيُّ ﷺ ذَلِكَ. واتە: قاسمی کوڕی موحەممەد باسی ئـەکات کـە ئافرەتێـك لەمناڵـەکانی جەعفـەر لـەوە دەترسـا کـە کەسـوکارەکەی بـەزۆر بەشـوی بـدەن، ئـەویش نـاردی بـۆلای دوو مامۆستای ئەنسار، -عەبدوڕڕەحمانی کوڕی حاریسـە و موجەممیعی برای- ئەوانیش دڵنیایان کرد کە نەترسێت، چونکە (خەنسای کچی حزام ) باوکی بەشووی دابوو، کەخەنسا پێی زانی پێی ناخۆش بـوو، رۆیشت بۆلای پێغەمبەر ﷺ، و عەرزی کرد کە: بـەدڵی نییـە، و پێـی قایل نابێ. پێغەمبەریش ﷺ مارەکردنەکەی دایە دواوە)[1]

واتە: پێغەممەرﷺ مارەکردنەکەی بەهیچ داناو ڕەتـی کـردەوە، ئـەم فەرموودەیەش بوخاری ریوایەتی کردوە کەهیچ گومانێکی تیانییە.

ئەم ئافرەتەی باسم کرد بێـوەژن بـوو. لەوانـەیـە بڵێیـت : ئـەم مافـە هـەربۆ بێوەژنـە و کچـان ئـەم مافـەیان نییـە! بـەڵام نـە.. ئـەویش هەمان مافی هەیە.. " عـن عَائشـةَ قالَـتْ: جَـاءَتْ فتـاةٌ إلَـى رَسُـولِ اللهِ فقالـتْ: يَارَسُـولَ اللهِ! إنَّ أبـي زَوَّجَنـي ابْـنَ أخِيهِ ليرفَعَ بِيَ خَسِيسَتهُ، فجَعَلَ الأمْرَ إليْها، قالـتْ: قَـدْ أجَزْتُ ماصَنَعَ أبِي، وَلكِنْ أرَدْتُ أنْ تَعْلَـمَ اِلنِّسَـاءُ أنْ لَـيْسَ لَلآبَاءِ مِنَ الأمْرِ شَـيْءٌ؟[2] وفي رواية النسائي: " فأرسَلَ إلَى أبِيهَا فَـدَعَاهُ فجَعَـلَ الأمْـرَ إليْهـا"..." أرَدْتُ أنْ أعْلَـمَ أ لِلنِّسَاءِ مِنَ الأمْرِ شَـيْءٌ؟ "

واتـە: عائشـە فـەرمووی: کیـژێك هـات بـۆلای پێغەممـەرﷺ و گـوتی: باوکم منی لەبرازایەکی خۆی مارە کردووە، تا ئامۆزاکەمی پێ بـەرز بکاتەوە،و منیش ئەو ئامۆزایەم خۆش ناوێ، ئەویش مـافی ئـەوکارەی بەکیژەکە دا، کاتێ کیژە ئەمەی بینی گوتی: ئەی پێغەممەری خودا! ئـەوکارەی بـاوکم کردوویـەتی مـن رێـم پێـدا، بـەڵام مـن ویسـتم ئافرەتان بزانن، کە: باوکان هیچ دەسەڵاتێکیان لەم کارەدا نییە، وبێ رەزامەندی کیژەکانیان بۆیان نییە ئیش و کاریان ببڕنەوە..

لە ریوایەتی نەسسائیدا دەفـەرموێ " پێغەممـەرﷺ نـاردی بەشـوین بـاوکی کیژەکـەدا" و کیژەکـەش کـە دیـتی چ مـافێکی هەیـە، گـوتی مەبەستم ئەوە بوو" تا بـزانم ئایـا ئافرەتـان لـەو مەسـەلەیەدا هـیچ دەسەڵاتێکیان هەیە؟"

---

[1] - أخرجه البخاري في كتاب الحيل/باب في النكاح، ص:1463، بـرقم : 6454، " ان خنساء بنت حذام أنكحها أبوها وهي كارهة، فرده النبي عليه السلام" راجع فتح الباري بشرح صحيح البخاري 9/ 245. له م باره وه سه يري كتيبي (المرأة بين البيت و المجتمع) البهى الخولى /57، بكه ..

[2] - " أخرجه أحمد عن عائشة في مسند الأنصار، برقم: 23892، وابنُ ماجة عن عائشة و ابنِ عباس في كتاب النكاح/باب من زوج ابنته وهي كارهة، برقم:1864. و النسائي عن عائشة في كتاب النكاح/ باب البكر يزوجها أبوها وهي كارهة، برقم: 3217.

هەروەها ئیمامی بوخاری لە کتێبە ناودارە دروستەکەی خۆیا دوو ناونیشانی بۆ دوو بابەت داناوە یەکێکیان بەناوی: "بابٌ: لایُنکحِ الأبُ وَغیرُهُ البِکرَ وَلا الثیبَ إلا بِرِضَاهُمَا" واتە: بابەتێك: باوك و غەیری باوك بۆیان نییە بەبێ ڕەزامەندی ئافرەتەکە کیژەکەی{ کچ بێ یا بێوەژن } لە کەسێك مارە بکات. ئەوی تریشیان بەناوی " بابٌ: إذا زَوَّجَ الرَّجلُ ابنَتَهُ وَهِيَ کارهةَ فنکاحُهُ مَرْدودٌ".واتە: بابەتێك، ئەگەر پیاو کچێکی بەشوودا و کچەکە قایل نەبوو ئەوە نیکاحەکەی دەدرێتە دواوە، و بەتاڵە.

خوشکی خۆم ئێستا حاڵی بوویت کەئیسلام بۆ دیاریکردنی چارە نووس و دابینکردنی داهاتووی خۆی چ مافێکی داوەتە ئافرەت؟

چنوور هەناسەیەکی هەڵکێشا و گوتی: بەڵێ، تێگەیشتم، بەڵام خوشکی دڵسۆز! ئەمەی تۆ باسی دەکەیت زۆر دوورە لەوا قیعی چارە ڕەشی موسڵمانانی ئەمڕۆوە..

گێلاس: خوشکی خۆما قسەکەت ڕاستە، بەڵام من پێم نەگوتی: نابێ ئەوەی لەم گۆمەڵگا نەفامییەی ئێمەدا دەکرێ بیکەینە خاڵێکی ڕەش و لە نێوچاوانی ئیسلامی بدەین، چونکەئیسلام خۆ ڕووتکردنی لە ئافرەت قەدەغە کردووە ـ لەگەڵ ڕێزم بۆتۆدا ـ کەچی زۆربەی ئافرەتانی کۆمەڵگاکەمان ڕووتن!..ئیسلام ئارەق و شەرا بی حەرام کردووە، بەڵام گازینۆ و میوانخانەو سەیرانگاکان پڕن لەئارەق خۆری بەناو موسڵمان! وە...وە..تاد. ئایادەبێ بڵێین: ڕووتبوون ڕواڵەتێکی ئیسلامییە، چونکە ئافرەتانی کۆمەڵگا کەمان ڕووتن؟! یان دەبێ بڵێین . ئارەق حەرام نییە، چونکە بەناو موسوڵمانان دەیخۆنەوە؟

خوشکی خۆما! ئیسلام لەتاوانی ئەم کۆمەڵگایە دوورە، چونکە ئیسلام تێیدا فەرمان ڕەوانییە .

لەم قسانەدا بوون تاگەیشتنە ڕاستی کتێبخانەیەك، گێلاس گووتی: بە یارمەتی خۆت با لەم کتێبخانەیە گوڤارێکی (الدوحە) بکڕم.

چنوور: گێلاس گیان! چەند پرسیارێکی تر هاتوون بەخەیاڵمدا، و لەمەش باشتر هەلم بۆ هەڵناکەوێ، پێش ئەوەی وەڵامی ڕەخنەی چوارەمم بدەیتەوە، پێم خۆشە وەڵامی ئەم پرسیارانەشم بدەیتەوە.

گێلاس: فەرموو پرسیارەکانت باس بکە .

چنوور: چەند ڕواڵەتێك هەن: بەڵگەن لەسەر ئەوەکە بەیەك چاو سەیری پیاو و ئافرەت ناکرێ دەبێ ئەم جیاوازییانە بۆچ لەئیسلامدا هەبن؟

گێلاس: حەز دەکەم ڕوونیان بکەیتەوە.

چنوور: بۆ نموونە: بۆ پیاو بۆی هەیە بچێتە مزگەوتەوە؟ بۆچ ئافرەت بۆی نییە؟!

بۆپیاوان هان دەدرێن بۆخوێندن، بەڵام زۆر بەزەحمەت ماوەی ئافرەت دەدەن، بەڵکو لەزۆر جێگادا بەنەنگی دادەنێن؟..

ئەگەر ئافرەتێك تاوانێ بکات بۆچەپلەی لێ دەکوتن و بگرە دەیشی کوژن، بەڵام ئەگەر پیاوێك بیکات بەسەربەستیەوە دەیگێڕێتەوە و بەڵکو شانازیشی پێوەدەکات، و وەك بەرزی بانان دەرباز دەبێ؟!

گێلاس: چنوورگیان! من گوتم: نابێ تەوقی تاوانی ئەم کۆمەلگا نەفامییە بکەینە گەردنی ئیسلام، چونکە ئەمانەی تۆ باست کردن هیچیان لەئیسلامدانین، پیاو بۆی هەیە بڕوات بۆمزگەوت، ئافرەتیش بۆی هەیە بڕوات بۆ مزگەوت، هەروەها خویندن لەسەر پیاو پێویستە، لەسەر ئافرەتیش پێویستە، وەك پێغەمبەرﷺ دەفەرمووێ: (طَلَبُ العِلْمِ فَرِيضَةٌ عَلىَ كُلِّ مُسلِمٍ ).

واتە: هەوڵدان بەشوێن زانیاریدا پێویستە لەسەرهەموو موسڵمانێك، بە پیاوو ئافرەتەوە .

خۆ ئەگەر سەرێك لەمێژوو بدەین ئەم ڕاستیەمان بەتەواوی بۆ ڕوون دەبێتەوە، لەسەردەمی ئەمەویەکاندا (هیشامی ) سێیەم ویستی ژن مارەبکات و هاوسەرێك بۆ خۆی بدۆزێتەوە، بەڵام دەیویست خێزانەکەی خوێندەوار و خواناس بێ، بۆ ئەم مەبەستە بڕیاری دا جاڕچی لەناو شاردا جاڕ بدات: ئەوماڵەی کچێکی هەیەو قورئانی لەبەرە بامۆمێك لەسەر دەرگاکەی دابگیرسێنێ.

ئەو لیژنەی بۆئەم کارە دانرابوو، پاش نویژی شێوان چوونەدەرەوە، بۆئەوەی بزانن چەند مۆم داگیرسێنراوە؟ کەلیژنەکە گەڕایەوە بۆلای پاشا هەواڵیان دایێ کە:لەبەردەم حەوت صەدو بیست ویەك ماڵدا -721 - مۆم داگیرسابوو.. چار چیە؟ پاشان بڕیاری دا هەرکەسێك موەتتەئی – موطأ-ی ئیمامی مالیکی لەبەر بێ لەگەڵ قورئاندا. ئەو ئافرەتەی دەوێ . شەوێك بۆ ئەم مەبەستە دیاریکرا . هەرماڵێك کچەکەی قورئان و مووەتتەئی(مالیکی) لەبەربوو مۆمێکی لەسەر درگای دەرەوە داگیرساندبوو.. کەلیژنەکە چوونە دەرەوە سەیریان کرد پێنج صەدو دوازدەمۆم داگیرساوە..

بەڵێ، خوشکە چنوور، ئەمە شایەتی مێژووە کە مووسڵمانانی پێشوو بە پیاو و ئافرەتیانەوە چۆن بایەخیان بەخوێندن داوە؟! لەشارێکی بچوکدا حەوت سەدو بیست و یەك کیژی تیا بێ هەموو قورئانی لەبەر بێ، ئەی دەبێ ژمارەی ئەو ئافرەتانەی کەشوویان کردووە و قورئانیان لەبەر بووە چەند بووبێ؟ یائەو کیژانەی کەتەمەنیان نەگەیشتۆتە وەختی شووکردن؟..

چنوور: بەڕاستی سەرسوڕهێنەرە! ئەم ڕووداوە لەچ شارێکدا بووە؟

گێلاس: لەشاری قوڕتبە لەووڵاتی ئیسپانیا کەلەسەردەمی خۆیا بەئەندەلوس بەناوبانگ بوو..

خوشکە چنوور! پێویست دەکات لەوبارەوە نموونەی ترت بۆبێنمەوە؟

چنوور: نە...نە. خوشکی بەڕێز! بەسە..

**گێلاس: خوشکی خۆما! ئەوە لەبارەی خوێندەوارییەوە.. با لەبارەی تاوانیشەوە دەقی قورئانت بۆ باس بکەم، کەدەفەرموێ:** ﴿ الزَّانِيَةُ وَالزَّانِي فَاجْلِدُوا كُلَّ وَاحِدٍ مِّنْهُمَا مِئَةَ جَلْدَةٍ... ﴾ النور/2.

واتە: ئافرەتی زیناکەر و پیاوی زیناکەر هەریەکەیان سەد داریان لێ بدەن.. لەبارەی تاوانەوە لەکۆمەڵگای ئیسلامیدا هیچ جیاوازییەك لەنێوان پیاو و ئافرەتدا نییە.

ئەوەتە قورئان دەفەرمووێ: ﴿ وَالسَّارِقُ وَالسَّارِقَةُ فَاقْطَعُواْ أَيْدِيَهُمَا جَزَاء بِمَا كَسَبَا نَكَالاً مِّنَ اللّهِ وَاللّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ] المائدة/38.

واتە: پیاوی دز و ئافرەتی دز لەتۆڵەی تاوانیاندا دەستیان ببڕن، و ئەمەش لەلایەن خواوە سزایە بۆئەوان، و خوا بەتوانایە و هەرکارێ بکات لەجێی خۆیەتی..

چنوور: گێلاس گیان! بەڕاستی ئیسلام شتێکە، و واقیعی چارە ڕەشی موسڵمانانیش شتێکی تر..

گێلاس: چنوور گیان! هیچ پرسیارێکت ماوە؟

چنوور: تەنیا وەڵامی ڕەخنەی چوارەم نەبێ هیچ پرسیارێکم نییە.

## ڕەخنەی چوارەم

گێلاس: مەبەستت ئەو فەرموودەیە کە پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: " انَّ المَرْأَةَ كَالضِّلْعِ إنْ ذَهَبْتَ تُقِيمُهَا كَسَرْتَهَا، وَإِنْ تَرَكْتَهَا اسْتَمْتَعْتَ بِهَا عَلَى عِوَجٍ "[3] ئەم فەرموودەیەت مەبەستە؟

چنوور: بەڵێ، بێ زەحمەت مەعناکەیشی ڕوون بکەرەوە.

گێلاس: مەعنای سادەی فەرموودەکە ئەمەیە: بێگومان ئافرەت وەك پەراسوو وایە، ئەگەر بتەوێ زۆری لەگەڵا بەکار بێنی و ڕاستی بکەیتەوە دەیشکێنیت، و ئەگەر وازی لێ بێنی، بەو لارییەوەلەگەڵیا ڕادەبوێریت و دەژیت.

چنوور: بەڵێ، ئەو فەرموودەیە دەڵێم ئایا ڕێزی ئادەمی تیا هێشتوەتەوە بۆئافرەت؟!!

[3] - أخرجه البخارى في كتاب النكاح /باب الوصاة بالنساء، برقم: 4787، ومسلم في كتاب الرضاع/باب الوصية بالنساء، برقم: 2669، والترمذي في كتاب الطلاق/باب ماجاء في مداراة النساء، برقم:1109. واللفظ له.

گێلاس: نا...نا... کەمێك لەسەرخۆبە، خێرا هەڵ مەچۆ، چاوت لێ بە ئاخر بۆیە پیاوان پێمان دەڵێن: ئەوسۆزو عاتیفەی کەلەئافرەتاندا هەیە، زۆر زوو بەهەڵەیاندا دەبات . خوشکی خۆما لەمەعنای ئەو فەرموودەیەدا واتێ نەگەیت کە پێغەمبەرﷺ ئافرەتی بەگیاندارێکی دڕندەو خراپ دانابێ، نا..نا، بەڵکو ئەمە ڕوون کردنەوەیەکی واقیعە کەپێغەمبەرﷺ خستوویەتە پێشچاو. ئەو لارییەی کەلە فەرموودەکەدا هاتووە، یادخستنەوەی ڕووداوێکی مێژووییە، کەئەویش بریتی یە لەدروستبوونی ئافرەت لەپەراسووی ئادەم، ئەمە لەلایەکەوە، لە لایەکی ترەوە وەنەبێ هەرچی لاربێ نەنگ و شوورەیی بێ.. نا..نا چونکە پەراسوو لارەو چەماوەیە، و ئەم لارییە بۆ پەراسوو جوانە، چونکە ئەگەر ئەو لارییە نەبوایە نەیدەتوانی ببێتە قەفەسێك، یاباشتر بڵێین: یاساوڵێك بۆ پاراستنی دڵ و هەناو .

هەروەها ئەولارییەی کەباس کراوە، وابزانم بریتییە لەوکەم وکووڕییەی کەبەتایبەتی لەئێمەی ئافرەتاندا بەهۆی سۆزوعاتیفەوە پەیدا دەبێ..

جاهەروەک ئەو لارییە بۆ پەراسوو پێویستە تابتوانێ پارێزگاری لەجەرگ و دڵ بکات، ئەو لاریەش بۆئافرەت پێویستە، تابەهۆی ئەو سۆزو عاتیفەوە بتوانێ خزمەتی کۆرپە جگەرگۆشەکەی بکات، ئەو ساوایەی کە گەورەترین سەرمایەو بەرهەمە لەڕوانگەی ئیسلامەوە..

خوشکی خۆما پێغەمبەری خۆشەویستمان پێغەمبەربووە،ﷺ نالێم پزیشکێکی دەروونی، یازانایەکی ڕوان شناس بووە، نا..نا، بەڵکو دەڵێم: پێغەمبەربووەﷺ، چونکە هەندێ کەس بەتایبەت لاوان کاتێ کە بیر لەژن هێنان دەکەنەوە، بەخەیاڵی خۆیان وادادەنێن کاتێ ژنیان هێنا، ئیتر هیچ ناکۆکییەک ناکەوێتە نێوانیانەوە، و هەرگیز پەڵەهەوی چڵکن لەئاسمانی ژیانیاندا پەیدا نابێ، و بەو پەڕی خۆشییەوە دەژین، و ئەم هەرچی ویست بێ دڵی ناکرێ ودڵی ناشکێنرێ!!

چنوور: بێگومان ئەمە هەڵەیەکی گەورەیە، چونکە ئەگەر ئەولاوە بەو خەیاڵەوە ژن بێنێ، و بچوکترین ناخۆشی لەنێوانیاندا ڕوو بدات، قەڵەمی ئەژنۆی دەشکێ، و ئەوەی کەئەم خەوی پێوە بینیوە، یەکسەر لێی بێزار دەبێ، و ژیانی ژن و مێردایەتی لەنێوانیاندا دەکەوێتە مەترسیەوە، بەڵکو سەر بۆ ناخۆشی زۆرتردەکێشێ، و بگرە دەگاتە سنووری تەڵاق و جیابوونەوەیان لەیەکتر..

گێلاس: پێغەمبەرﷺ ئەم هەموو ئەنجامە سامناکەی لەپێش چاو گرتووە کەتۆ باست کردن، لەبەرئەوە باشترین دەرمانیشی بۆداناوە، ئەویش بەشێوەی ئاگر بەست و خۆپاراستن، تاگەنجان و لاوان بەرەو ڕووی ئەو هەموو دەردی سەرییە نەبنەوە، کەلەئەنجامی ئەو خەوو خەیاڵانەوە پەیدا دەبن.

جالەبەرئەوەی کەهەرچی ڕەوشتی چاک هەیە لەکەسدا کۆ نابێتەوە، نەک هەرلەئافرەتدا، داوا لەمێرد دەکات کەپشت لەجیهانی خەیاڵ بکات و ڕوو لەواقیع بکات.

جا هەرکاتێک پیاو خەیاڵ وئەندێشەی لەسەری دەرکردو تێگەیشت کەژیانی ژن ومێردایەتی، چۆن گوڵ وگوڵزاری جوانیی تێدایە، دڕک و داڵی زویر بوونیشی تێدایە، و بەم هەستەوە بەرەو ژنهێنان هەنگاوی نا، ئەوا ژیانی هاوسەرییان گونجاو و ڕێکوپێک دەبێ، چونکە تووشی واقیعی لەبەرچاو نەگیراو و کوتوپڕ نابێ بەڵکو خۆی ئەو حیسابەی بۆ کردوە، و لەداهاتووی ژیانیدا چاوەڕوانی ڕوودانی بووە.

چنوور: واتە: تۆ واتای فەرموودەکە والێك دەدەیتەوە، کە: تاخەڵك لەناو خەو و خەیاڵدا نەژین و لەوا قیعدا بژین و پیاوان لەگەڵ ئافرەتاندا ڕەوشتیان باش بێ؟..

گێلاس: بەڵێ، مەبەستی پێغەمبەرﷺ هەرئەوە بووە، چونکە ئەگەر پیاوان بەم جۆرە ڕوویان کردە وا قیع، بەبچوکترین ناکۆکی ژیانیان لێ نابێت. بەڵکو زۆر لەسەرخۆ و بەئارامی پێشوازی لێ دەکەن، و چارە سەری بۆ دەدۆزنەوە..

چنوور: باشە، پێغەمبەرﷺ لەم بارەوە هیچ فەرموودەی هەیە؟

گێلاس: بەڵێ، فەرموودەی زۆرە.. بۆ نموونە پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: " لايَفْرَكْ مُؤْمِنٌ مُؤْمِنَةً إنْ كَرِهَ مِنْهَا خخُلُقًا رَضِيَ مِنْهَا آخَرَ" أخرجه مسلم في كتاب الرضاع/باب الوصية بالنساء، برقم:2672.

واتە: باهیچ پیاوێکی خاوەن باوەڕ ڕق وکینە لەژنە خاوەن باوەڕەکەی هەڵنەگرێ، چونکە ئەگەر ڕەوشتێکی وای لێ بینی کەدلگرانی بکات، بێگومان ڕەوشتی وایشی لێ دەبینێ کەشادمانی بکات..

ئایا ئەم فەرموودەیە واناگەیەنێ کەپێغەمبەرﷺ بایەخی زۆر و فراوانی بەئافرەت داوە؟

زیاد لەمە قورئان دەفەرموێ: "...وَعَاشِرُوهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ..." النساء/19.

**واتە: بەچاکە گوزەرانیان لەگەڵ بکەن و لە گەڵیانا خۆش ڕەفتاربن، هەروەها قورئان دەفەرمووێ:** ﴿...وَلا تُضَارُّوهُنَّ لِتُضَيِّقُوا عَلَيْهِنَّ.. ﴾ الطلاق/6.

واتە: زیانیان پێ مەگەیەنن بۆئەوەی ژیانیان لێ تاڵ بکەن: واتە: ژیانیان لێ تاڵ مەکەن..

وەهەروەها پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: " خَيْرُكُم خَيْرُكُمْ لأَهْلِهِ وَأَنَاخَيْرُكُمْ لأَهْلِي" أخرجه الترمذي في كتاب المناقب / باب فضل أزواج النبي ، وقال حسن صحيح، برقم: 3830.

واتە: چاکترین کەستان، چاکترینتانە بۆ خێزانەکەی، و منیش چاکترین کەستانم بۆ خێزانەکەم.

لێرەدا پێغەمبەرﷺ ئەو کەسە بەچاکترین کەس دادەنێ کەزۆرباش بێ بۆ خێزانەکەی خۆی، و بەباشی ڕەفتاری لەتەکا بکات.

بـەڵێ، خوشـکە چـنوور! پێغەمبـەرﷺ ئاوەهـا پیـاوانی موسـڵمان پەروەردەدەکات، تا بـەجوانترین شێوە لەگـەڵ خێزانـەکانیانا ڕەفتـار بکەن.

چنوور: بەداخەوەکەئێمـەی بەچکە موسڵمان لەسـەدا نـەوەد و نـۆ، ئاگامان لەئیسلامەکەمان نییە..

گێلاس: خوشکی خۆما هەرهۆی ئەوەیشە کە ئێمەی بەناو موسڵمان، دوژمنی داخ لـەدڵ هەرچی بڵـێ لـەبارەی ئاینەکەمانـەوە بەڕاسـتی دەزانین!

چنوور: ئـەوا خەریکـە نزیـك دەبینـەوە لـەماڵ، سـەد بریـا ڕۆژانـی تریش بەپێ هاتباینەوە، بەڕاستی ئەم ووتو وێژەی ئەمڕۆمان سـوود بـەخش بـوو.. خواپاداشـتت بداتـەوە.. بـاوەڕت هـەبێ گـێلاس گیـان! ئەگەر تۆ نەبویتایە هەتا هەتایـە، دوژمنـی ئیسلام دەبـووم، چونکە بـەهۆی تـێ نەگەیشـتنی ئێمـە لەلایەکـەوە، و دەنگـی دەهۆڵی درۆو دەلەسەی ناسازی دوژمنان لەلایەکی ترەوە، وامـان لێ هـاتووە: ببینـە ئەڵقە لەگوێ یەکی ڕۆژئاوا.

بڕیـاربێ منـیش لـەکوفر و بەرنامـەی کـوفر و ژیـانی نـەفامی و کۆمەڵگای نەفامی یاخی ببم.

**گێلاس: منیش زۆر سووپاسی خوا دەکەم، و پیرۆزبایی ئـەم بڕیارە ئیمانییـەت پـێ ڕادەگەیـەنم. وئـەو مژدەیەشـت دەمـێ خـوا دەفەرمووێ:**( ﴿ وَالَّذِينَ اهْتَدَوْا زَادَهُمْ هُدًى وَآتَاهُمْ تَقْوَاهُمْ ﴾ محمد/17.

ئەوانە کەدەیانەوێ ڕێگەی ڕاست بدۆزنەوە خواڕێنوێنییان دەکات، و شـتی واشـیان دەخاتـە دڵـەوە کـەخۆیانی لـەئاگری دۆزەخ پـێ بپارێزن. ئیتر بەخوام سپاردی

چنوور: خوات لەگەڵ ڕابەری خۆشەویستم، خوات لەگەڵ.

بەغداد

کانونی دووەمی /1978